تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

#ماسك بەستن

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6022) چوارشەممە 14ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میری کوێت کۆبوونەوە

جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێت کرایەوە



سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 13/10/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی ئەلبەیان لە کوێت، لەگەڵ بەڕێز شێخ نەواف ئەلئەحمەد ئەلسوباح، میری کوێت کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، دووبارە بە ناوی گەل و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە میر و گەل و حکوومەتی کوێت کرد و هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆی و گەلی کوردستانی بۆ لەدەستدانی خوالێخۆشبوو میری پێشووی کوێت دەربڕی، هەروەها پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە میری تازە کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خۆی و پێشکەوتنی بۆ کوێت خواست، لای خۆیەوە بەڕێز میری کوێتیش سوپاسی هاوسۆزی و سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کوێتیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە پەرەپێدانیان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە. سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی پشتگیری و هاوکارییە مرۆییەکانی کوێتی بۆ هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتیش یارمەتییەکانی بۆ ئاوارەکانی سووریا و پەنابەرانی عێراق لە هەرێمی کوردستان، هەروەها سوپاسی رۆڵ و کار و چالاکییەکانی کونسولخانەی گشتیی کوێتی لە هەرێمی کوردستان کرد.

تاوتوێکردنی چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە شاندێکی یاوەری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون.

وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق

لەسەر کردنەوەی چەند ناوەندێکی هەماهەنگیی ئەمنیی هاوبەش ڕێککەوتن

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەکەی دوێنێ و ڕێککەوتن لەسەر هەماهەنگییەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، ڕایگەیاند: ڕێککەوتوون لەسەر کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگی ئەمنی هاوبەشی سەرەکیی لە بەغدا و هەولێر. هەروەها دامەزراندنی لیژنەی ئەمنی و سەربازیی مەیدانی هاوبەشی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاڵنگارییە ئەمنییەکان بەپێی یەکەکانی ئۆپەراسیۆن و میحوەرەکان و دابڕشتنی نەخشەڕێگای چۆنێتی مامەڵکردن. دەستکردن بەکاری ئەمنی و سەربازیی لە یەکەی دیالە بەشێوەیەکی هاوبەش بۆ دامەزراندنی ناوەندی هەماهەنگی ئەمنی هاوبەش و ڕێککەوتن لەسەر میکانیزمی کارکردنی بازگە و هێڵی پشکنینی هاوبەش و خاڵەکانی پەیوەندیکردنی هاوبەش و پلانداڕان بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەمنی و سەربازیی لە دژی تیرۆر.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



پرۆژەی پردی دەربەندی ڕانیە-بنگرد بە گوژمەی زیاتر لە یازدە ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەی پردی دەربەندی ڕانیەی دانا

دوێنێ سێشەممە، 2020/10/13 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی پردی دەربەندی ڕانیە- بنگرد دانرا. سەرۆکی حکومەت لە ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی ئەو پرۆژەیە، گوتارێکی پێشکەشکرد و ئاماژەی بە گرنگی پرۆژەکە کرد و گوتی: پردی دەربەندی ڕانیە -بنگرد، پردێکی ستراتیژی دەبێت بۆ خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە و هاوکار دەبێت بۆ جووتیاران، بۆ ئەوەی بەرووبوومەکانیان بە بازاڕ بگەیەنن، هەروەها دەبێتە پردێك بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ بووژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار و بازرگانی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو سەردانەی بۆ دەڤەری ڕاپەڕین گوتی: خۆم بە بەختەوەر دەزانم، خوا جارێکی دیکە دەرفەتی پێدایین سەردانی دەڤەری ڕاپەڕین بکەین، ئەو دەڤەرەی بە درێژایی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان، بە دەیان و سەدان و هەزاران شەهید و قوربانیان داوە، دواتریش بوو بە دەروازەی ڕاپەڕین، بە خوێنی گەنجانی ئەم دەڤەرە، کوردستان ڕزگار کرا، بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێت خزمەتێکی شایستەی ئەم دەڤەرە بکات.


(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



2

وەزیری نەوتی عێراق: لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان


وەزیری نەوتی عێراق، ڕایگەیاند: لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان. گوتیشی: دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال، بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕوات بۆ ئەوەی هەردوولا لە چوارچێوەی دەستووردا، چارەسەرێکی گونجاو سەبارەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بدۆزنەوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە دانوستانەکانی ئەمجارەدا، دید و بۆچوونی نوێ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا بوونی هەیە.



جەمال کۆچەر بۆ (خەبات):

وەزارەتی دارایی عێراق داوای 57 تریلیۆن دیناری بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی ئەمساڵ کردووە

4



مەیادە نەجار بۆ (خەبات):

کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق مەترسیدارە

5

بە پاڵپشتی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک
عەرەبەهاوردەکان لە هەوڵی داگیرکردنی پەلکانە بەردەوامن

عەرەبە هاوردەکانی سنووری ماددەی 140 بە پشتبەستن بە نووسراوێکی پێشووی ڕاکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووك و سەعد حەربیە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووك، جارێکی دیکە دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر زەویوزاری جووتیارانی کورد لە گوندی پەلکانە، بەڵام جووتیارانی کورد پێش هاتنی عەرەبەکان چوونە سەر زەوییەکان و ڕێگرییان کرد و نەیانهێشت نزیك ببنەوە، بە یەکگرتوویی جووتیاران توانرا پلانی عەرەبە هاوردەکان شکست پێ بهێنن.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە د. نووری عوسمان دەکات

دوێنێ سێشەممە 13/10/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ کۆچی دواییی کەسایەتیی دیاری ناوچەی شەنگال، خوالێخۆشبوو عوسمان مەحمود شەنگالی، باوکی بەڕێز د. نووری عوسمان، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێزیان، سەرەخۆشی لە خۆیان و خانەوادە بەڕێزەکەیان کرد. سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، وێڕای پرسە و سەرەخۆشی و دەربڕینی هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆیان، ئاماژەی بە ڕۆڵ و خەباتی خانەوادە بەڕێزەکەیان کرد و هیوای خواست خوای مەزن گیانی خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی، سەبووری و ئارامییش بە خۆیان و کەسوکاری بەڕێزیان ببەخشێت.

شێخ عەلی جەراح ئەلسەباح:
پەیوەندییەکانی کوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان مێژوویین



وەزیری کاروباری دیوانی میریی کوێت لەبارەی سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کوێت و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە پەیوەندییەکانی کوێت لەگەڵ سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان مێژوویین، پێشتر لە سەردەمی مستەفا بارزانیی نەمر و ئیستاش سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. دەشڵێ شێخ سەباح ئەحمەد ئەلجابر پەیوەندییەکی باشیان هەبووە لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان.

شێخ عەلی جەراح ئەلسەباح، وەزیری کاروباری دیوانی میریی کوێت لەبارەی سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کوێت، لە لێدوانێکدا بە رووداوی راگەیاندووە، پەیوەندییەکانی کوێت لەگەڵ سەرکردایەتییەکانی هەرێمی کوردستان مێژوویین، لە سەردەمی خوالێخۆشبوو بەڕێز مستەفا بارزانی و بەڕێز مەسعود بارزانی و ئیستاش جەنابی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، بۆیە ئەم سەردانەی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەرەخۆشی کردن نامۆ نییە. بەردەوام کوێت و خوالێخۆشبوو شێخ سەباح ئەحمەد ئەلجابر پەیوەندییەکی باشیان هەبووە لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی عێراق و سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە و سوپای عێراق
لەسەر کردنەوەی چەند ناوەندێکی هەماهەنگیی ئەمنیی هاوبەش ڕێککەوتن



خەبات/ وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئاماژە بە ڕێککەوتنی هەردوو لایەنی هەولێر و بەغدا دەکەن بۆ دروستکردنی چەند ناوەندێکی هەماهەنگی لەنێوانیاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی سنوورەکان لە هەرێمەکانی تیرۆر و هەماهەنگی ئەمنیی.

لەمبارەیەوە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە هەواڵێکی پەیجی وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەکەی دوێنێ و ڕێککەوتن لەسەر هەماهەنگییەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، ڕایگەیاند: ڕێککەوتوون لەسەر کردنەوەی ناوەندی هەماهەنگی ئەمنی هاوبەشی سەرەکیی لە بەغدا و هەولێر. هەروەها دامەزراندنی لیژنەی ئەمنی و سەربازیی مەیدانی هاوبەشی بۆ هەڵسەنگاندنی ئاڵنگارییە ئەمنییەکان و ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش، ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند ڕۆژی سێشەممە، سێییەم کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیی سەربازی و کاری ئەمنی هاوبەش لەنێوان شاندی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق لە بەغدا ئەنجامدرا.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە کۆبوونەوەکەدا سەبارەت بە ژمارەیەك پرس گفتوگۆکراوە لەوانە کاری ئەمنی هاوبەش بەدرێژایی هێڵی یەکلاکەرەوەی نێوان هێزەکانی فیدراڵ و هێزەکانی پێشمەرگە بە تامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ئەمنییەکان و ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی بۆ چارەسەرکردنی بۆشاییە ئەمنییەکان. ئاماژە بەوەیشدراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی دەست بکرێت بە کردنەوەی دوو ناوەندی هەماهەنگیی هاوبەش لە بەغدا و هەولێر و هاتووە لە کۆبوونەوەکەدا، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە هاوبەشی لیژنەیەکی مەیدانی لەسەر ئاستی ئەمنی و سەربازیی بۆ هەڵسەنگاندنی تەحەدییەکانی ئەمنی بەپێی میحوەرکان پێکهێنن و نەخشەڕێگایەکیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەدییەکانی ئەمنی ئامادە بکەن.

هەروەها ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی بە هاوبەشی لیژنەیەکی مەیدانی لەسەر ئاستی ئەمنی و سەربازیی بۆ هەڵسەنگاندنی تەحەدییەکانی ئەمنی بەپێی میحوەرکان پێکهێنن و نەخشەڕێگایەکیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەدییەکانی ئەمنی ئامادە بکەن.

باس لەوەشکراوە کە هەردوو شاندی حکوومەتی فیدرال و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە هاوبەشی دەست بکەن بە کاری ئەمنی و سەربازیی لە کەرتی دیالە و دامەزراندنی ناوەندێکی هەماهەنگیی ئەمنیی هاوبەش، هەروەها لەسەر میکانیزمی کاری بازگەکان و خاڵەکانی پەیوەندی هاوبەش و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژبە تیرۆریستان ڕێککەوتن.

دوێنێ سێشەممە شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆبوونەوەکەدا بەشداربوو بۆ کەمکردنەوەی بەرهەم.

گولیزار ڕەشید، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: یەکێك لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ، پرسی نەوتە، بەڵام لە ئەنجامی دانوستانەکانی شاندی هەردوولا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر کۆی پرسەکان لەبارەی کەرتی نەوت و غازیش پێشڕەوچوون هەبووە، ئەوەش لە بەرژەوەندیی هەردوولایە.

سوپای ئەڵمانیا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە



سوپای ئەڵمانیا جەخت لەسەر هاوکارییەکانی بۆ هێزی پێشمەرگە دەکاتەوە، کە هاوکارییەکانی ئەڵمانیا خۆی لە دروستکردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و هەروەها لە پرۆسەی چاکسازی و هاوکاری دیکەدا دەبینێتەوە.

فەریق جەمال محەمەد سەرۆکی هەیئەی ئەرکانی پێشمەرگە لەگەڵ کۆڵۆنێڵ نۆگرادی (NOGRDY) فەرماندەی سوپای ئەڵمانیا لە کوردستان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا فەریق جەمال محەمەد سوپاسی سوپای ئەڵمانیای کرد بۆ پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوامیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش و دروستکردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە و لە مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و هەروەها لە پرۆسەی چاکسازیدا.

لە بەرانبەردا فەرماندەی تیمی ئەڵمانی بەڵێنیدا کە سوپای وڵاتەکەی بەردەوام بن لە پاڵپشتی و هاوکاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

وەزیری نەوتی عێراق: لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان
دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕوات



وەزیری نەوتی عێراق، ڕایگەیاند: لێکتێگەیشتنی باشمان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی نەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان. گوتیشی: دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال، بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕوات بۆ ئەوەی هەردوولا لە چوارچێوەی دەستوردا، چارەسەرێکی گونجاو سەبارەت بە بەرهەمێنان و هەناردەکردنی نەوت بدۆزنەوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لە دانوستانەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرال، بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕوات بۆ ئەوەی هەردوولا لە چوارچێوەی دەستووردا، چارەسەرێکی گونجاو بۆ بەرهەمێنان و هەناردەکردنی نەوت بدۆزنەوە. گوتیشی: هەرێم بە ئەرێنییەوە هەوڵی چارەسەرکردنی خاڵە ناکۆکییەکان دەدات سەبارەت بە سروشتی بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان و بڕی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، جگە لەوەیش ئاماژەی ئەرێنیی لە دانوستانەکانی نێوان هەردوو حکوومەتی فیدرال و حکوومەتی هەرێم بەدی کراوە.

لە کۆتایی قسەکانیدا، ئێحسان عەبدولجەبار ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە دانوستانەکانی ئەمجارەدا، دید و بۆچوونی نوێ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا بوونی هەیە.

گولیزار ڕەشید: هەرێمی کوردستان پابەندی بڕیارەکانی ئۆپێك بووە
ئامادەکردنی یاسای نەوت و غاز کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکات



جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان دەشڵێت: لە ئێستادا هەماهەنگی لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە لەسەر پرسی نەوت و لە دواپێشهاتیش حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق پابەندی بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپێك بووە و جێبەجێی کردووە، ئەوەش نیشانەی هەبوونی هەماهەنگیی باشە لە نێوانیاندا.

لەبارەی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نیشتمانی، گولیزار ڕەشید ڕوونیکردەوە: دروستکردنی کۆمپانیا پێمایە خۆدزینەوەیە زیاتر لە پرسی نەوت، چونکە بە گوێرەی دەستووری عێراق، پێویستە عێراق ببێتە خاوەن یاسایەکی یەکگرتووی نەوت و غاز ئینجا هەنگاوی دیکە بنێن. جەختیشی لەسەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دانانی یاسای نەوت و غاز کردەوە و دەڵێت: نابێت هەرێم وەك پاشکۆ سەیر بکرێت، بە پێچەوانەوە هەردوولا پێکەوە یاسایەك بۆ نەوت و غاز ئامادە بکەن و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، ئەوکات کێشەکان چارەسەر دەکرێن، چونکە یاسا ڕێگاچارەی کەرتی نەوت دیاری دەکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی پردی دەربەندی رانیەی دانا

مەسرور بارزانی: پێویستە سەروەت و سامانی ئەم نیشتمانە لە پێناو خزمەتکردنی هاوواڵاتییاندا خەرج بکرێت و لە خزمەت ئەواندا سوودی لێوەربگیرێت

چەندین پرۆژەی دیکەش لە دەڤەری ڕاپەڕین ئەنجام دەدات بە بڕی زیاتر لە بیست ملیار دینار





دوێنێ سێشەممە، 2020/10/13 بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردی بناغەی پردی دەربەندی رانیە-بنگرد دانرا. سەرۆکی حکومەت لە ڕێوڕەسمی دانانی بەردی بناغەی ئەو پڕۆژەیە، گوتارێکی پێشکەشکرد و ئاماژەی بە گرنگی پڕۆژەکە کرد و گوتی: پردی دەربەندی رانیە -بنگرد، پردێکی ستراتیژی دەبێت بۆ خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە و هاوکار دەبێت بۆ جووتیاران، بۆ ئەوەی بەروبومەکانیان بە بازاڕ بگەیەنن، هەروەها دەبێتە پردێک بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ بووژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار و بازرگانی.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو سەردانەی بۆ دەڤەری ڕاپەڕین گوتی: خۆم بە بەختەوەر دەزانم، خوا جارێکی دیکە دەرفەتی پێدایین سەردانی دەڤەری ڕاپەڕین بکەین، ئەو دەڤەرەی بە درێژایی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلەکەمان، بە دەیان و سەدان و هەزاران شەهید و قوربانیان داوە، دواتریش بوو بە دەروازەی ڕاپەڕین، بە خوێنی گەنجانی ئەم دەڤەرە، کوردستان رزگار کرا، بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانێت خزمەتێکی شایستەی ئەم دەڤەرە بکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، لە باسی ئەو پڕۆژانەی کە لە پلانی حکومەت دان بۆ ناوچەکە گوتی: جگە لەم پڕۆژەیە، پڕۆژەی جووتسایدی بازاڕی رانیە، شەقامی 60 مەتری قەڵادزێ، نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی دەڤەری ڕاپەڕین و دروستکردنی سەنتەری شێرپەنجەی مەمەك، جێبەجێدەکەین. پڕۆژەیەکی دیکەشمان هەبوو بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی کۆرۆنا لە چوارقورنە، بەڵام بە سوپاسەوە، لە لایەنێکی دیکەوە تەمویلی کراوە و دەستخۆشیان لێدەکەین.

وەك سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بۆ کرد، ئەم پڕۆژانە، پڕۆژەی دیکەشیان بەدواوە دێن، بەڵام یەکەم قۆناغ ئەم پڕۆژانەن، کە لەسەر ڕاسپاردە و پێشنیازی ئیدارەی دەڤەری ڕاپەڕین و خۆشەویستانی ئەم دەڤەرە پێشکەشکراون و ڕەزامەندیان لەسەر داون، هیوادارم هەموو هاوواڵاتیانی خۆشەویستی ئەم دەڤەرە، بتوانن سوودیان لێ وەربگرن.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە پێزانینەوە باسی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد، کە بۆ گەشەپێدان و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دەیدرێن و گوتی: ئەم هەنگاوانەی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و گەیاندنی خزمەت بە هاوواڵاتیان، وایکردووە لایەنە ناحکومییەکان و خێرخواز و حیزبیەکانیش، بیر لەوە بکەنەوە زیاتر خزمەت بە هاوواڵاتیانی خۆشەویست بگەیەنن. ئێمە، هەموو هەنگاوێك بۆ خزمەتکردنی هاوواڵاتیان بە ئەرێنی دەزانین و دەستخۆشی لە هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستخۆشی لە کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکەش کرد و دڵخۆشی خۆی بەوە دەربڕی، کە کۆمپانیایەکی کوردستانی دەتوانێت ئەم پڕۆژە گەورانە جێبەجێ بکات.

هەموو لایەکیشی دڵنیا کردەوە، کە ئەم پڕۆژانە بەردەوام دەبن و گوتی ئەم پڕۆژانەی لە سەرتاسەری کوردستان، دەستیان پێکردووە بەردەوام دەبن، لە هەندێك شوێنیش بەرنامەمان بۆ پڕۆژەی زیاتر هەیە. بەرنامەمان هەیە بۆ دروستکردنی کارگەی وەرگرتنی گەنم لە هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و دروستکردنی شاری پیشەسازی خۆراك لە هەڵەبجە، بۆ وەرگرتنی زیاتر لە نیو ملیۆن تۆن گەنمی جووتیاران. بەرنامەی دیکەشمان هەیە بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکان.

سەرۆکی حکومەت بە گرنگی دەزانێت سەروەت و سامانی نیشتمان، لە پێناو خزمەتکردنی هاوواڵاتیان خەرج بکرێت و لە خزمەت ئەواندا، سوودی لێوەربگیرێت. لە بارەی ئەو قەیرانانەیش، کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، سوپاسی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بەگشتی و دەڤەری ڕاپەڕین بەتایبەتی کرد و گوتی سوپاسی خۆڕاگری هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم لەم دەڤەرە، سەرەڕای ئەم هەموو قەیرانە تەندروستی و دارایییەی تووشیان بووە، بەڵام خۆڕاگر بوون، بەتایبەتیش دەمەوێ سوپاسی هەموو پزیشك و فەرمانبەرانی کەرتی تەندروستی و پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ و مامۆستا بەڕێزەکان بکەم، کە سەرەڕای ئەم ناخۆشییانە، دیسان بەردەوامن لە جێبەجێکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان.

وێڕای ئەو دۆخە نەخوازراوەش،سەرۆکی حکومەت دڵنیایی ئەوەی دا، حکومەتی هەرێم دەیەوێت بە باشترین شێوە خزمەتی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان بکات و گوتی هیچ حکومەتێك نایەوێت کەمتەرخەم بێت لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاونیشتمانیانی خۆی، بەڵام بەداخەوە، ئێمە ئەو ماوەیە تووشی ئەو قەیرانانە بووین، بەداخەوە ئازارێکی زۆریان بە خەڵکی هەرێمی کوردستان گەیاند، زۆر سنووریشی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت دروست کرد و کاریگەریی نەرێنی لەسەر کوردستان هەبووە، سەرەڕای ئەوەش هەموو هەوڵێکمان داوە، نەهێڵێن پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بوەستن. بەگوێرەی توانا و بودجەی بەردەست، هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆمان تەرخانکردووە بۆ دابەشکردنی مووچە، بەو شێوەیەی لە توانای حکومەتدایە. بە هیمەت و خۆڕاگری و ماندووبوون و بەیەکەوەکارکردنی هاوواڵاتییان و حکومەت، دەتوانین لەو قەیرانە ناخۆشخانە رزگارمان بێت و بەرەو ئاسۆیەکی گەشتر هەنگاو بنێین.

لیستی ئەو پڕۆژانەی لە دەڤەری ڕاپەڕین ئەنجام دەدرێن:

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدانی چەندین پڕۆژەی لە دەڤەری ڕاپەڕین ڕاگەیاند:

-1پڕۆژەی پردی دەربەندی ڕانیە-بنگرد بە کۆژمەی یازدە ملیار و سێسەد و هەشتا و حەوت ملیۆن و حەفتسەد و چل و پێنج هەزار و هەشتسەد هەزار دینار .11،387،745،800

-2نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی دەڤەری ڕاپەڕین بە کۆژمەی ملیارێك و پێنجسەد ملیۆن دینار 1،500،000،000

-3پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی شەست مەتری قەڵادزێ بە کۆژمەی ملیارێك و هەشت سەد ملیۆن دینار 1،800،000،000

-4 پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی جووتسایدی بازاڕی ڕانیە بە کۆژمەی چوار ملیار و پێنجسەد ملیۆن دینار 4،500،000،000

-5دروستکردنی سەنتەری شێرپەنجەی مەمك بە هەموو ئامێر و پێداویستی پزیشکییەوە . بە کۆژمەی زیاتر لە ملیارێك دینار (1،068،487،000) .

کۆی گشتی: 20،256،232،800 ملیار دینار

دانا عەبدولکەریم: سوپاسی سەرۆکی حکوومەت دەکەین بۆ پشتیوانی لە ئەنجامدانی پڕۆژەی پردی دەربەندی رانیە

پێشنیازێک بۆ ڕووبەڕبوونەوەی قەیرانی دارایی عێراق پێشکەش دەکرێت



ئەندامێکی لیژنەی ئابووریی و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: کۆمەڵێك چارەسەریان بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە دارایییەی کە ئێستا بەرۆکی عێراقی گرتووە، خستوویەتەڕوو کە پێشنیازەکان بریتیین لە کاراکردنی سەپاندنی باج بەسەر کەلوپەلی هاوردەکراو، فرۆشتنی دراوی بیانی لە بانکی ناوەندی، کارەبا، ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

دابین بکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەوڵەت تەنها پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە و ڕوونیکردەوە کە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، زیانی بە ئابووری عێراق گەیاندووە.

یەحیا عیساوی ئەندامی لیژنەی ئابووریی و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: کۆمەڵێك چارەسەرمان بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە دارایییەی کە ئێستا بەرۆکی عێراقی گرتووە، خستوویەتەڕوو: پێشنیازەکان بریتیین لە کاراکردنی سەپاندنی باج بەسەر کەلوپەلی هاوردەکراو، فرۆشتنی دراوی بیانی لە بانکی ناوەندی، کارەبا، ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.

یەحیا عیساوی باسی لەوەشکردووە کە هەر لە چوارچێوەی چارەسەرییەکاندا، پێشنیازکراوە کە کەرتەکانی پیشەسازیی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار و وەبەرهێنان چالاکتر بکرێن ئەوەیش لە پێناو زیادکردنی داهاتی دارایی دەوڵەت و تەنها پشت بە نەوت نەبەسترێت.

یەحیا عیساوی ئاشکراشی کرد کە حکوومەتی عێراق داوای کردووە، ئەنجوومەنی نوێنەران پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز پەسەند بکات بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی چوار مانگی داهاتووی ئەمساڵی فەرمانبەرانی پێ دابین بکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەوڵەت تەنها پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە و ڕوونیکردەوە کە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، زیانی بە ئابووری عێراق گەیاندووە.

ئەو ئەندامەی لیژنەی ئابووریی و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەیشدا کە کەرتی وەبەرهێنان، یەکێك لە کەرتە هەرە گرنگەکانی ئابووریە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دیدێکی ڕوونی ئابووریی، ئەو کەرتە لە عێراق وەك پێویست چالاك نییە.

پردی دەربەندی رانیە بە گوژمەی 11 ملیار و 387 ملیۆن دینار ئەنجام دەدرێت

خەبات/

دوێنێ بەیانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دەڤەری ڕاپەڕینی کرد و بەردی بناغەی پردی دەربەندی ڕانیەی دانا و چەند پڕۆژەیەکی دیکەیشی ڕاگەیاند. لە میانەی مەراسیمەکەدا وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەبارەت بە دانانی بەردی بناغەی پردی دەربەندی ڕانیە-بنگرد دەڵێ ئەو پڕۆژەیە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان و لەسەر زێی بچووك دروست دەکرێت، سەبارەت بە درێژی پردەکە گوتی: درێژی پردەکە 400 مەتر و بە بڕی 11 ملیار و 387 ملیۆن و 745 هەزار دینار جێبەجێ دەکرێت.

دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە بەشێکی قسەکانیدا گوتی: ئەو پڕۆژەیە یەکێکە لە پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان و لەسەر زێی بچووك دروست دەکرێت و درێژی پردەکە 400 مەتر و بە بڕی 11 ملیار و 387 ملیۆن و 745 هەزار دینار کاری لێ دەکرێت. وەزیری ئاوەدانکردنەوە سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی کرد بۆ پاڵپشتییەکان و گوتی: سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم دەکەین، بۆ پاڵپشتی و پشتیوانی لە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژە گرنگە بۆ سنووری ڕاپەڕین، کە یەکێکە لەو ناوچانەی لە مێژووی رزگاری خوازی گەلەکەمان و قۆناغە جیاوازەکان زۆرترین ئامادەیی و قوربانیدانی هەبووە. دەشڵێ: ئەم پڕۆژەیە دەبێتە فەراهەمکردنی هاتووچۆی خەڵکی ناحیەی بنگرد کە 45 گوند لەخۆدەگرێت و هەروەها خەڵکی دیکەی ناوچەکە لێی سوودمەند دەبن.

شایەنی باسە پردی دەربەندی ڕانیە بە گوژمەی 11 ملیار و 387 ملیۆن دینار ئەنجام دەدرێت کە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتوچۆی هاوواڵتیانی دەڤەری ڕاپەڕین دەکات و لە ڕووی بازرگانیشەوە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ جووتیارانی ناوچەکە بەتایبەت بۆ گواستنەوەی بەروبومەکانیان و گەیاندنیان بە بازاڕەکان.



بە پاڵپشتی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووک عەرەبە هاوردەکان لە هەوڵی داگیرکردنی پەلکانە بەردەوامن

هاووڵاتییەکی پەلکانە: بەپێی بەڵگەنامەکان زیاتر لە 200 ساڵە کورد لەم گوندە دەژیت

عەرەبە هاوردەکانی سنووری ماددەی 140 بە پشتبەستن بە نووسراوێکی پێشووی راکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک و سەعد حەریبە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووک، جارێکی دیکە دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر زەویوزاری جووتیارانی کورد لە گوندی پەلکانە، بەڵام جووتیارانی کورد پێش هاتنی عەرەبەکان چوونە سەر زەوییەکان و ڕێگرییان کرد و نەیانهێشت نزیک ببنەوە، بە یەکگرتوویی جووتیاران توانرا پلانی عەرەبە هاوردەکان شکست پێ بهێنن. مام کەریم، خەڵکی پەلکانەیە و خاوەن ئەو زەویەیە کە عەرەبە هاوردەکان بەنیازن داگیری بکەن، بەڵگەنامەی خاوەندارێتیی زەوییەکەی هەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت نەبوونی یاسا وایکردووە خاوەن ماف پشتگوێ بخرێت، لەمبارەیەوە بە کوردستان24ی گوتووە: باوکم لە دایکبووی ساڵی 1927ی گوندی پەلکانەیە، خۆشم هەر لە پەلکانە لە دایکبووم، هەموو بەڵگەنامەکانمان هەیە باوک و باپیرانی ئێمە هەموویان لە پەلکانە دایکبوون و ژیاون، ئێستا عەرەبە هاوردەکان دەیانەوێت بە زۆر زەویم لێ بستێنن. گوتیشی: یاسا نییە لە عێراق، ئەگەرنا چۆن کەسێکی دیکە هەوڵ دەدات زەوی من داگیر بکات، بەپێی بەڵگەنامەکان زیاتر لە 200 ساڵە کورد لەم گوندە دەژیت.

ڕۆژی دووشەممە 12/10/2020 جارێکی دیکە عەرەبە هاوردەکان ویستیان بێنە گوندی پەلکانە و بە زۆر بەشێك لە زەوییەکانیان داگیر بکەن، بەڵام پێش هاتنی ئەوان، خەڵکی گوندی پەڵکانە کۆبوونەوە و ڕێگریان لە هەوڵەکە کرد. جووتیارێکی گوندەکە دەڵێ: ئەوان پارێزگارێك بە نووسراوی ساختە پشتگیریان دەکات، ئێمەش خاوەنی دەیان بەڵگەی فەرمین کە زەوییەکان هی خۆمانن. یەکێکی دیکە لە دانیشتووانی گوندی پەلکانە ئاماژەی بەوەداوە، کە بەشێك لە زەوی و خانووەکانیان داگیر کراون، داوا دەکەن بەرپرسانی کورد و عێراق کار بکەن بۆ ئەوەی مافەکانی بۆ بگێڕنەوە.



لە سنووری شارەدێی گوڵاڵە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئامادە نین پارێزگاری لە جووتیاران بکەن

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سێ ساڵ، بە هۆی لێکەوتەکانی خیانەتی 16ی تۆکتۆبەرەوە، جووتیارانی سنووری شارەدێی گوڵاڵە ناتوانن بەرهەمی باخەکانیان کۆبکەنەوە و بەرپرسی ئاسایشی کوڵەجۆش دەڵێ هێزە ئەمنییەکان پارێزگارییان لێ ناکەن. شەماڵ عەبدوڵڕەحمان، بەرپرسی یارەدەریتیی ئاسایشی کوڵەجۆ، بۆ خەبات ڕایگەیاند: جووتیارانی سنووری ناوچەی شێخ باوە لە ترسی تیرۆریستانی داعش ناتوانن بچنە سەر کار و باخ و بێستانەکانیان بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بە تایبەت بەرهەمی هەناری ئەمساڵ، کە ئێستا وەرزی لێکردنەوەیەتی. گوتیشی: هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش ئامادە نین پارێزگاری لە جووتیاران بکەن و ڕێگەی باخ و بێستانەکان و ناوباخەکان لەچەکدارانی داعش پاك بکەنەوە. ئاشکراشی کرد، کە دوێنێ سێشەممە بۆمبێك لە ناو بێستانی جووتیارێکدا تەقییەوە، بەڵام زیانی گیانی نەبووە.

جەمال کۆچەر بۆ (خەبات):

وەزارەتی دارایی عێراق داوای 57 تریلیۆن دیناری بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی ئەمساڵ کردووە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ: ئەو بڕە پارەیەی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی ئەمساڵ داوای کردوە خەیاڵییە و جێگەی سەرسوڕمان بوو بۆ ئێمە.

جەمال کۆچەر ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پێشتر وەزیری دارایی عێراق ڕایگەیاندبوو کە داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوت لەم 4 مانگەی داهاتوو نزیکەی 15 تریلیۆن دینار دەبێت بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و کەمبوونەوەی داهاتی عێراق ڕووبەڕووی حکومەتی مستەفا کازمی بووەتەوە ئێمە لەلای خۆمانەوە 17 تریلیۆنمان بۆ دانابوو، بۆیە بەپێی حساباتی ئێمە و ئەو لێدوانەی وەزیری دارایی عێراق ئێمە مانگانە لەم ساڵەدا پێویستمان بە 7 تریلیۆن دینارە و کۆی ئەم 4 مانگە دەکاتە 28تریلیۆن دینار بۆ مانگەکانی ئەمساڵ 2020 بەڵام ئێستا کە مانگی 9 تێپەڕیوە و لە مانگی 10ین لەپڕۆژە یاسای پارەدارکردنی حکومەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان حکومەتی عێراق داوای 57 تریلیۆن دیناری کردوە لەکاتێکدا ئەگەر چوار مانگی ئەمساڵیش لە کورتهێنان بۆ پێدانی موچەی فەرمانبەرانی عێراق حساب بکەین ئەوا وەزارەتی دارایی پێویستی بە 28 تریلیۆن دینار هەیە بۆیە ئەو داواکاریەی کەپێشکەشی ئێمەی کردووە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە کە 57 تریلیۆنە زۆر زۆرە و عێراق بەرەو ئیفلاسی یەکجاری دەبات . جەمال کۆچەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ڕاکێشانی بڕی 57تریلیۆن دینار لە یەدەکی بانکی عێراق بۆ 4 مانگی ئەمساڵ هەڵەیەکی گەورەیە و زیان بە ئابووریی نیشتمانیی عێراق دەگەیەنێ بۆیە پێداچوونەوە بەم ژمارەیە دەکەین لەلای خۆیەوە وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گوشارخستنەسەر ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردنی ئەو 57 تریلیۆن دینارە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان، پڕۆسەی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی ڕاگرت.

بە پاڵپشتی پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆنگرەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی کۆرۆنا لە عێراق ساز دەکرێت

هەفتەی داهاتوو، کۆنگرەیەکی تایبەت بە ئامانجی ئامادەکردنی پلانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر کەرتی ئابووری و تەندروستی لە عێراق، بە پاڵپشتی پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان ساز دەکرێت، تێیدا پلانێك بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر کەرتی ئابووری و تەندروستی ئامادە دەکرێت.

وەزارەتی پلاندانانی عێراق، کۆنگرەیەکی تایبەت بە ئامانجی ئامادەکردنی پلانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19)، لەسەر کەرتی ئابووری و تەندروستی ساز دەکەن. لەمبارەیەوە گوتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عێراق، عەبد زەهرە هیندواوی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کردووە کە ئەو کۆنگرەیە لە 21ی ئەم مانگە بە پاڵپشتی پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا ساز دەکرێت و لە میانیدا پلانێك بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر کەرتی ئابووری و تەندروستی ئامادە دەکرێت.

باسی لەوەشکرد کە وەزیری پلاندانانی عێراق، خالید بەتال نەجم و ژمارەیەك وەزیر و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەروەها نوێنەرانی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداری لە کۆنگرەکەدا دەکەن و گوتی: ئەو کۆنگرەیە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت و لە میانیدا زنجیرەیەك پانێڵ و دانیشتن بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستا و ئامادەکردنی پلانێك بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر کەرتی ئابووری و تەندروستی، ساز دەکرێن. ئەمەیش لە کاتێکدایە بەپێی دواییین ئامارەکان تا ئێستا 405 هەزار و 437 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنابوون و لەو ژمارەیەش نۆ هەزار و 912 کەس گیانیان لەدەستداوە و 340 هەزار و 50ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان:

900 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون

کۆی ژمارەی تووشبووان گەیشتە ٥٧ هەزار و ٣٦٥ کەس

دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ڕاگەیاندنی ئامارەکەی، 900 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و ٢٢ حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراون، بەمەش کۆی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە ٥٧ هەزار و ٣٦٥ حاڵەت و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە، دوو هەزار و ٤٠ کەس. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە دوێنێ ڕاگەیەندراوێکدا ئاماری ٢٤ کاتژمێری وەزارەتەکەی لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، پێنج هەزار و ٦٠٩ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون و دەرەنجام ٩٠٠ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا ٥٣٦ هەزار و ٥٢٧ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ٥٧ هەزار و ٣٦٥ تووشبوو کە ٢١ هەزار و ١٣ لە هەولێر، ١٨ هەزار و ٤٩٩ لە سلێمانی، ١٥ هەزار ٨٣٣ لە دهۆك و دوو هەزار و ٢٠ لە هەڵەبجە بووە، لەنێویاندا دوو هەزار و ٤٠ حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە ٦٠٩ لە هەولێر، هەزار و ٣٣ حاڵەت لە سلێمانی، ٣٤٥ لە دهۆك و لە ٥٣ حاڵەت هەڵەبجە بووە.



مەیادە نەجارِ: کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق مەترسیدارە

هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکە پەیوەستە بە ئاسایش و سەقامگیریی عێراقەوە



مەیادە نەجارِ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە هەوڵەکانی مستەفا کازمی بۆ ئاشتەوایی لەناو گەلانی عێراق و بە ئاماژەکردن بە نەهامەتییەکانی رابردوو رایدەگەیەنێت: عێراقی دوای٢٠٠٣ بەپێی ویستی گەلانی عێراق و ئەو هەموو ناخۆشییەی سەردەمی رژێمەکانی پێشوو، پێشبینی دەکرا، ئیرادەی پێکهاتەی گەلی عێراق حوکمڕانی بکات، بە مەرجی ئەوەی حزب لە پشتی سەرۆکوەزیران بێت. دەشڵێ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پەیوەستن بە ئاسایش و سەقامگیری عێراقەوە.

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی دیموکراسی لەسەر ئایندەی عێراق، مەیادە نەجارِ ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ: ئەو هیوایەی گەلی عێراق هەیەتی، تەمەننای حوکمی دیموکراسی و سیستەم و ئیرادەی گەل بە هەموو پێکهاتەکان حوکم بکات، واتە رەنگدانەوەی هەڵبژاردنی پاك و دیموکراسی بێت و یاسا و دەستوور پێوەری حوکمڕانی بن. ئەوکات هێزی پشتگیری سەرۆکوەزیران میللەت دەبێت لە ریزگای حزب و لایەنی نیشتمانپەروەر.

ئێستا ناوچەکە دووچاری ئاڵۆزی و تەنانەت جەنگیش بووەتەوە، لە سووریا و لەولاتریش هەڕەشەکانی تورکیا و یۆنان و شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا، لەم نێوانەدا ئەو پەرلەمانتارەی عێراق پێیوایە عێراق بەو پێکهاتەیەوە ئەگەر بیەوێت بە ئاشتی بڕی دەبێتە هۆی سەقامیگیری لە ناوچەکە، مەیادە دەڵێ: عێراق بەشێکی گرنگی ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەر گۆڕانکارییەکی ناوچەکەش بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستە بە ئاسایش و سەقامگیریی عێراقەوە، عێراق لە جەوهەردا بەبێ خواستی گەل و پێکهاتەکانی لە باوەشی کومەڵگای نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییەکانیدا هەتا ئاستێك ناماوە، بەڵام هەوڵی زۆریش هەیە لە ناوخۆ و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کە عێراق خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت و خۆی بڕیار لە ئایندە و بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات.

سەبارەت بە ئەگەری کشانەوەی هێزە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، مەیادە نەجارِ ئەمە بە مەترسی دەزانێت و دەڵێت: ماوەیەکە هەوڵێکی هەمەلایەنە هەیە جا نازانین چەند سەرکەوتوو دەبێت یان نا! کشانەوەی ئەمەریکایە لە عێراق، جێهێشتنی ئیرادەی دەولی، گەرانەوەی عێراقە بۆ دۆخێکی مەترسیدار، گەلانی عێراقیش زیانمەندی یەکەمن.

سەبارەت بە هەوڵەکانی کازمی بۆ چاکسازی دەڵێ: لە هەموو رووبەکەوە کازمی هەوڵی چاکسازی دەدات، بەڵام ئەگەر ئاراستەی عێراقی گەیاندە توانای ڕێگری لە کازمی، زۆر زەحمەتە بتوانێت هەنگاوی ئیجابی بنێت، بەو ئاراستەیەی شارعی عێراقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا دەکات. ئەگەر بریاری سیاسی هێشتا لە دەستی کاربەدەستەکانی حوکمی میلیشیا و ئیرادەی دەرەوەی عێراق بێت، کازمی ناتوانێت گۆڕانکاری بکات، ئەگەر ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت و گەلی عێراقیش بڕیار بدات و ئیرادەکی بەهێزی نێودەوڵەتیش لەپشتی بێت، ئەو هێزە ملیشیایانە ناتوانن ئەم کارە بکەن، بەڵام لە راستیدا ئەم واقیعەی لە عێراق دەبینرێت کەس ئیرەیی پێ نابات و عێراق لە هەموو رووبەکەوە بە ئاراستەیەکی خراپدا دەڕوات، بەڵام ئاراستەیەك هەیە کە زۆر بەجدی کار دەکات کازمی سەرکەوتوو بێت و پشتگیری نێودەوڵەتیشی هەیە، بەڕێز کازمیش لە هەوڵی بەردەوامدایە، بە دڵنیایی سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە سەرکەوتنی ئیرادەی عێراقییەکانە و سەرکەوتنی ئیرادەی نێودەوڵەتیشە.

هۆڵەندا.. کۆمیتەی پارتە کوردستانییەکان ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنی ناوخۆی وڵاتەکە دەکات

ئامانجێکی کۆمیتەکە سەرخستنی کاندیدانی کوردە بۆ نێوەندەکانی دەسەڵات لە هۆڵەندا




ساسان دەرویش – هۆڵەندا

لە وەرزێکی نوێی کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی هاوکاری پارتە کوردستانییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی ڕابردوویان و پلاندانان بۆ داهاتوو، بەلەبەرچاوگرتنی پەتای کۆرۆنا و پاریزگاریکردن لە تەندروستیی یەکتر لە ڕێگای ڕاستەوخۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەکەیان بە ئامادەبوونی زۆرینەیان ئەنجامدا کە بریتین لە 12 پارت و حزبی کوردستانی پارچەکان.

سەرەتا بە خولەکێك وەستان بۆ گیانی بەرزەفڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان دەستپێکرد، پاشان عەلی هروری وتەبێژی ئەم خولەی کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانییەکان ڕاپۆرتێکی تێرتەسەلی لەسەر هەڵوێست و کار و چالاکییەکانی چەند مانگی ڕابردووی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە تیایدا گوتی بە لەبەرچاوگرتنی بڵاوبوونەوەی پەتایی کۆرۆنا و دووركەوتنەوەی خەڵك لەگەڵ یەکتر لەنێو چالاکییەکان و کۆبوونیان، بەڵکو ئەم پەتایە نەبووە کۆسپ لەبەردەم کارەکانی کۆمیتە لەنێو ئەو هەموو ڕووداوەی کە لە کوردستان و ناوچەکەدا ڕوویان دەدا، پێویست بوو ئامادەییان هەبێت بە یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی و هەمەهانگی لە نێوانماندا بۆ پشتگیریکردن لە پرسەکان بە تایبەتی گەیاندنی پەیامەکانمان بە نووسراو بەیاننامە لەم وڵاتە بۆ دەرگا پەیوەندیدارەکان و ئاگادارکردنەوەیان لە پرسەکانی کورد لە کوردستان پێشکەشکردووە و بەگەرمی پێشوازییان لێکراوە بۆ بەدواداچوونیان پاشان لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەکە و بەشداربووان لەگەڵیان واڵا کرد بۆ دەربڕینی بیر و بۆچونەکانی خۆیان کە ببێتە بنەمایەکی بەهێزی پێکەوەکارکردنیان و کۆمەڵێك بڕیاری گرنگیان لەنێو خۆیاندا بەزۆرینەی دەنگ گەڵاڵە کرد .بەوەی هەوڵ بدرێ بۆ بەرفراوانکردنی ئەم کۆمیتەیە و بەشداریکردنی تەواوی حزبە کوردستانییەکان لە هۆڵەندا هەروەها ئەم کۆمیتەیە لە ئێستاوە کار لەسەر هەڵبژاردنەکانی ناوخۆی هۆڵەندا بکات بەتایبەتی پەرلەمان کە بڕیارە 17/3/2021 ئەنجام بدرێت بۆ هێنانە پێشەوەی گەنجانی کورد لە کۆران و کچان و کاندیدکردنیان و کارکردن بۆ سەرخستنیان بۆ نێوندەکانی دەستەڵات و دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵا لە خۆیان بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو بتوانێ بەناوی هەموو کوردستان قسە و لێدوان بدات و بکات و مانگانە هەموو بتوانن کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بەڕێوەبرن و هەوڵەکانیان بۆ لۆبی کوردیش چڕبکەنەوە لەنێو کۆمەڵگەکاندا و ئەگەر ڕەوشی بارودۆخی کوردستان و ڕێگادان بۆ کار و چالاکییەکانمان پێمان خۆشە پابەند بین و هەموو تەندروست باش بین، بەڵام دەکرێ پێکەوە هەندێ کار و چالاکی نیشتمانی و نەتەوەیی بە چەند کەسانێکیش بێت ئەنجامیان بدەین.

شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا لە جیهانیدا و ژمارەی تووشبووان 38 ملیۆن کەسی تێپەڕاند

ژمارەی گیانیانلەدەستدان بۆ یەک ملیۆن و زیاتر لە 85 هەزار کەس بەرزبووەتەوە



شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا لە جیهاندا بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە و ژمارەی تووشبووانی کۆرۆناش لە بەرزبوونەوەدایە، تەنانەت هەندێ وڵات دووبارە قەدەغەی هاتوچۆیان ڕاگەیاندووە و هەندێکی تریشیان بیر لە هەمان ڕێکارەکانی جاران دەکەنەوە بۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆ بە تایبەتی ئەورووپا.

ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) لە سەرتاسەری جیهان، ٣٨ ملیۆن کەسی تێپەڕاند. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، دوێنێ بڵاوی کردەوە ژمارەی تووشبووانی پەتاکە لە جیهاندا گەیشتووەتە، ٣٨ ملیۆن و ٤٣ هەزار و ٩١٦ کەس.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تۆمارکردنی هەشت ملیۆن و ٣٧ هەزار و ٧٨٩ حاڵەتی تووشبوون زۆرترین ژمارەی تووشبوونی بەو پەتا جیهانییە تۆمار کردووە.

دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ریزبەندی ئەو ١٠ وڵاتەی کە زۆرترین ژمارەی تووشبوونی پەتای کۆرۆنایان تیادایە: هیندستان (حەوت ملیۆن و ١٧٥ هەزار و ٨٨٠ حاڵەت، بەڕازیل پێنج ملیۆن و ١٠٣ هەزار و ٤٠٨ حاڵەت، ڕووسیا یەك ملیۆن و ٣١٢ هەزار و ٣١٠ حاڵەت، کۆلۆمبیا ٩١٩ هەزار و ٨٣ حاڵەت، ئیسپانیا ٩١٨ هەزار و ٢٢٣ حاڵەت، ئەرجەنتین ٩٠٣ هەزار و ٧٣٠ حاڵەت، پێرو ٨٥١ هەزار و ١٧١ حاڵەت، مەکسیك ٨٢١ هەزار و ٤٥ حاڵەت، فەرەنسا ٧٤٣ هەزار و ٤٧٩ حاڵەت و کۆماری باشووری ئەفریقا ٦٩٣ هەزار و ٣٥٩ حاڵەت. هەروەها لە تورکیا ٣٣٧ هەزار و ١٤٧ حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.

ملیۆنێک و 200 هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی لە پارێزگای کەرکوک ڕووبەڕووی بەعەرەبکردن بووەتەوە

بەڕێوەبەری شەرعیی کشتوکاڵی کەرکووك، ڕایدەگەیەنێت کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە عەرەبە هاوردەکان بە پاڵپشتی پارێزگاری سەپێندراو و وەزارەتی کشتوکاڵ و پەرلەمانتارە عەرەبەکانی کەرکووك و هێزە ئەمنییەکان، هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە زەویی کورد داگیر بکەن و تا ئێستاش 20 گوندی کورد چۆڵکراون. مەهدی موبارەك، بەڕێوەبەری شەرعیی کشتوکاڵی کەرکووك بۆ خەبات ڕایگەیاند: جووتیارانی کورد لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تووشی گرفتی زۆر بوونەتەوە، بەتایبەتی لە داقوق و دوبز و سەرگەڕان و لەیلان، چونکە عەرەبە هاوردەکان بەپاڵپشتی عەرەبە شۆڤینییەکان، کە بریتین لە پارێزگاری سەپێندراو و وەزارەتی کشتوکاڵ و پەرلەمانتارە عەرەبەکانی کەرکووك لە بەغدا و بە پاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان، هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە زەوی کورد داگیر بکەن و تا ئێستا 20 گوندی کورد چۆڵکراون. مەهدی موبارەك، بەڕێوەبەری شەرعیی کشتوکاڵی کەرکووك بۆ خەبات ڕایگەیاند: جووتیارانی کورد لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تووشی گرفتی زۆر بوونەتەوە، بەتایبەتی لە داقوق و دوبز و سەرگەڕان و لەیلان، چونکە عەرەبە هاوردەکان بەپاڵپشتی عەرەبە شۆڤینییەکان، کە بریتین لە پارێزگاری سەپێندراو و وەزارەتی کشتوکاڵ و پەرلەمانتارە عەرەبەکانی کەرکووك لە بەغدا و بە پاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان، هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە زەوی کورد داگیر بکەن چ بەڕێگای یاسایی بێت یان نایاسایی بێت. ڕوونیشی کردەوە کێشەی زۆریان بۆ جووتیارە کوردەکان دروستکردووە و جووتیارانی کوردیان لە هەموو خزمەتگوزارییەکی کشتوکاڵییەکان بێبەش کردوون، جووتیارانی کورد لە بنەتۆ و پەینی کیمیایی و دەرمانی قرکەر بێبەشکراون، هەروەها لە ڕادەستکردنی گەنم و جۆی جووتیارانیش بەسایلۆکان، ستەمیان لێکراوە، چونکە بە هەزاران جووتیار بێبەش بوونە لەپلانی کشتوکاڵی. ئاماژەی بەوەش کرد، نزیکەی یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی لە پارێزگای کەرکووك ڕووبەڕووی بەعەرەبکردن بووەتەوە، ئێستا زیاتر لە 159 گرێبەست لە داقوق کراوە، لە لەیلان 29 گرێبەست بۆ عەرەبە هاوردەکان کراوە، جگە لەوەش بە دەیان بڕیار لە دادگاکان لە بەرژەوەندی عەرەب دەرچووە. ئاشکراشی کرد، کە بەڕێوەبەری سەپێندراوی کشتوکاڵی کەرکووك، هەوڵەکانی بۆ پشتیوانی عەرەبەکانە، چونکە هێزە عەرەبییەکان ئەویان لەو شوێنە داناوە، هەموو ئاسانکارییەك بۆ عەرەبەکان دەکات و پاڵپشتی دادگاکانی کەرکووکە بۆ دەرچوونی بڕیاری گەڕانەوەی گرێبەست بۆ هاوردەکان. مەهدی موبارەك ئاشکراشی کرد لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە، نزیکەی 20 گوندی کوردنشینی کەرکووك چۆڵکراون و جووتیارانی کورد ناوچەکانیان چۆڵ کردووە، لە داقووق لەکۆی 9 گوندی کاکەیی 6 گوند بەتەواوی چۆڵکراون، لە ناوچەی داوەد 3 گوند چۆڵ کراون، هەروەها لە دوبز و سەرگەران زیاتر لە 10 گوند چۆڵ کراون، بەسەدان جووتیاری کورد زەویەکانیان جێهێشتووە و ڕوویان لە پارێزگاکانی هەولێر سلێمانی، یان سەنتەری کەرکووك کردووە.

وەڵامێکی دیکە بۆ قەڵەمە نەخۆشەکان و گلەییەکیش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ



کاروان محەمەد سینۆ

دەمێکە لە سۆشیال میدیا و میدیای فەرمی یەکێتی بە مەبەستێکی دیاریکراو پەلاماری پارتی دەدرێت و دژی هەموو هەوڵێکی پارتی دەوەستن کە هەنگاو دەنێ بە ئاراستەی یەکڕیزی ناوماڵی کورد و تەبایی و چاکسازی و ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووری و تەندروستی ئێستای کوردستان.

وێڕای ئەوەی ئێمە ئاگاداری دووبەرەکی هەموو ئەو ئەکاونت و ماڵپەڕانەین کە خزمەت بە بەرژەوەندی کورد ناکەن، بەڵام هەر لە پێناو پرۆسەی ئاشتی و تەبایی و هەماهەنگی نێوان پارتی و یەکێتی، هەرگیز خۆمان نەهێناوەتە ئاستی نزمی ئەکاونتەکانی سۆشیال میدیا و ماڵپەڕی فەیك، بەڵام کاتێك لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا (وەکو زمانحاڵی یەکێتی) لەلایەن چەند کەسانێکی گومان لێکراو و قەڵەمی نەخۆشەوە پەلاماری پارتی دەدرێت، لێرە بە مافی خۆمانی دەزانین کە گلەیی و گازندە لە هەڤاڵانی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکەین، کە چۆن خزاونەتە ژێر باڵ و فشاری گروپێکی هەرزەکار و هیچنەزان، ئەوانەی تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ هێشتا بەهای خیانەت و فرۆشتنی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان وەرنەگرتووە؟! تەنانەت تاکو ئێستا داوای لێبووردنیان لە خەڵکی کوردستان و خەڵکی کەرکوك و قەزا و ناحیە و گوندەکانی کەرکوك نەکردووە و داوای لێبووردنیان لە خانەوادەی ئەو پێشمەرگانە نەکردووە کە لە ڕووداوە خیانەتکارییەکەی 16ی تۆکتۆبەری ساڵی 2017 بە دەستکێشی ئەوان، زنجیری دەبابەی داگیرکەران تەرمی پیرۆزی پێشمەرگەیان شێلاوە.

ئێمە دەزانیین کە پەلاماردانی پارتی لەلایەن هەندێك کەسەوە (لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ) لە چ کەس و گرووپێکەوە ئاراستەکراون و نیاز و مەرامیان چییە و ئەجێندای کام وڵات پەیڕەو دەکەن، بەڵام هیچ حسابێك بۆ ئەو نووسین و موهاتەراتە ناکەین، چونکە (کاڵایان بەقەد باڵایانە). هەروەها ئێمە دەزانین لەم ئانوساتەدا، واتا لە سەرەتای مانگی (تۆکتۆبەر)ی ئەمساڵ و لە سێیەمین ساڵیادی خیانەتکارییەکەی 16ی تۆکتۆبەری 2017، لەچوارچێوەی ماددەی (140)ی دەستووری عێراقی فیدراڵ، بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی شەڕی دژی داعش، ڕێکەوتنی ئەمنی و کارگێڕی و ئاوەدانکردنەوەی شنگال لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق فیدراڵدا ئەنجام درا، وەك دەسپێکێك بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) دەستور لە هەموو شار و ناوچە و دەڤەرە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لە ڕووداوەکانی 16ی تۆکتۆبەری2017 بە دەستکێشی ئەو بااڵە داگیرکراون. بێگومان ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆکاری مایەپووچی بۆ ئەو گروپەی کە بەربەرەکانی ریفراندۆمیان کرد و لە 16ی ئۆکتۆبەری2017 دەستکێشییان بۆ داگیرکەران کرد. هەروەها ئێمە دەزانین کە هەڵچوون و تەنگەنەفەسی و پەلەقاژە و نیگەرانییەکانیان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شەنگال و دەرکردنی میلیشیا سەرەڕۆکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە لە شەنگال، دەبێتە هۆکاری بڕینی ئەوڕێگایەی کە (ئەوديوی سنووری عێراق) و بەغدا و دیمەشق و بەیروت بەیەکەوە دەبەستێت، ئەمەش ئۆقرەی لەو کوتلەیەو ئاغاکانیان بڕیووە. بۆیە لە بەرامبەردا پەلاماری پارتی دەدەن بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆیان.

هەموو ئەوانەیش لەکاتێکدایە کە هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی بەردەوامدان بۆ ڕێگریکردن لە تەعریبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە بە ئاشکرا هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە دەدرێت، بەڵایەنی کەمەوە دەبوو ئەو میدیایانە بەشێکبن لە پشتگری سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان، نەك بەشێکبن لە دڕووستکردنی پشێووی و ئاستەنگ لەبەردەم یەکڕیزی ناوماڵی کورد.

لێرەدا ئێمەپابەندین بە ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی پارتی و دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتیمان کە بەئاراستەی ڕێککەوتن و دانوستانەکانی پارتی و یەکێتی بین لە نووسین و گوتارەکاندا و نەبینە هۆکاری ناخۆشکردنی زەمینەی یەکڕیزی نێوماڵی کورد و سازانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەگینا زۆر شت هەیە پێویستە ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەین، بەڵام ئێمە خۆمان ناهێنینە ئاستی نزمی ئەو گرووپ و دەستەی ناو یەکێتی کە هەموو هەوڵێکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای بێگانەیە و بۆ خۆ دەرخستن و ڕەپێشکردنی پێگەی خۆیانە و کۆرکردنەوەی پارە و قاچاغچیاتی سنوور و بەرژەوەندی کەسایەتی خۆیانە لەسەر حیسابی تەبایی و یەکڕیزی ناوماڵی کورد، بەڵام کاتێك ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دەخرێتە نێو موهاتەراتی سیاسی دەستە و تاقمێکی دیاریکراوی ناو یەکێتی، ئینجا مافی ئەوەمان هەیە کە گلەیی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکەین (وەکو زمانحاڵی یەکێتی) کە ڕێگەی داوە ئەم جۆرە گوتار و نووسینانە لە نێو لاپەڕەکانیدا بڵاو بکرێتەوە، کە دەبنە مایەی تێکدانی زەمینەی تەبایی و یەکڕیزی ناوماڵی کورد و دواجار تەنیا دوژمنان و داگیرکەران سوودی لێ وەردەگرن.

کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان بە ڕێژەی (45%) کەمکرایەوە

بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواڕانی لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان بەڕێژەی (٤٥٪) هاوشێوەی ساڵی ڕابردو بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن کەمکردەوە.

دووشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١٢) بەسەرپەرشتی د. ئارام محەمەد قادر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزارەت و وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەبونی بریکاری وەزارەت و سەرۆک زانکۆکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت، کۆبوونەوەی ژمارە (١٠)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هۆڵی کۆبونەوەکانی سێنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەڵاحەدین بەڕێوەچوو بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکانی تایبەت بە خۆپارێزی و تاکپارێزی.

لە تەوەری یەکەمی کۆبونەوەکەدا سەبارەت بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: ئامانجی وەزارەتەکەمان لە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لەبەر چاوگرتنی باری دارایی هاوڵاتیانی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی زیاتری خوێندن و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجانی هەرێمەکەمانە، لەهەمان کاتدا ئەم هەنگاوە یارمەتیەدەر دەبێت لە پاراستنی سەرمایەی نیشتیمانی و بەکارهێنانی لە گەشەپێدانی زانکۆکان و کەرتی گشتی هەرێمی کوردستان.

هاوکات وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند کە لێژنەیەکی وەزاری پێکهێنراوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ زانکۆ تایبەتەکان تاوەکو هاوشێوەی ساڵی ڕابردو بەشداربن لە کەمکردنەوەی بارگرانی سەرشانی ئەو خێزانانەی کە ڕۆڵەکانیان لە زانکۆ تایبەتەکان دەخوێنن، لەم بارەیەوە وەزیری خوێندنی باڵا سوپاس و پێزانینی ئاراستەی زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان کرد کە ساڵی ڕابردوو بە گیانی لە خۆبردوویەوە بەشداربون لە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن.

لە هەنگاوی یەکەمدا ئەنجومەنی وەزارەت دوای گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوەپڕکردبریاریدا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی (٤٥٪)ی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لەزانکۆ و پەیمانگە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ساڵی ڕابردو، بڕیارەکەش خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) دەگرێتەوە.



پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزی ل سەر پەیرەوکرنا دوریشمێ یەکسانی وداد پەروەری وگیانێ لێبورین وپێکڤە ژیانێ کر

دوهی سێپتێمبرێ ١٣-١٠-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ ڕێڤەبەریا ئەوقافا قەزا دهۆکێ کر. دهڤێدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا پارێزگەهێ و پەتایا کورنا و کارتێکرنا وێ ل سەر ژین و ژیارا هاوڵاتیان وپیرابونێن تەندورستی بێن بەرهنگاربونا ڤایروسی بگشتی هاتە کرن. شاندێ ئەوقافێ پیروزباهی ل پارێزگەرێ دهۆکێ و سەرکەفتن بو خواست وتەکەزی ل سەر هاریکاری وهڤکاریێ کر بو خزمەتکرنا هاولاتیێن پارێزگەهێ.

پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر وروڵێ ماموستایین ئاینی بەرز هەلسەنگاند و گوت: شورەش و سەرهلدانێن مللەتێ کورد و بزاڤێن سیاسی ب سەرکێشیا زانایێن ئاینی هاتینە ئەنجامدان و چەندین ماموستایین ئاینی ل سەر ڤێ ڕێبازێ شەهید بوینە و ژبەر ڤێ خەبات و قوربانیدانێ ئەم ڕێزێ ل ڕولێ وان یێ پیروز دگرین.

هەروسا تەکەزی ل سەر هەڤکاری و هاریکاریێ دناڤبەرا زانایێن ئاینی و کارگێریا پارێزگەهێ کر و گوت ئەم هەولدەین بهەڤرا یەکسانی و دادپەروەری و گیانێ لێبورین و پێکڤە ژیانێ پەیرەو بکەین و خزمەتا خەلکێ کوردستانێ بگشتی و یێ پارێزگەها دهۆکێ ب تایبەتی بکەین.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزای خەبات و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کۆمەکی دەستکرد بە پرسیار لەگەڵ ئیدارەکانی سنووری قەزای خەبات



بۆ ئاگادارکردنەوەی گیروگرفت و پێداویستیە خزمەتگوزارییەکانی هاونیشتمانیانی سنووری قەزای خەبات و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کۆمەکی و بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنیان، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزای خەبات و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کۆمەکی سەردانی هەریەکە لە قایمقامیەت و سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەزای خەبات و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی کەورگۆسك و ناحیەی ڕزگاری کرد.

لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر بەوردی لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی دەڤەرەکەی پرسییەوە لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان کە بەهۆیانەوە خزمەتی زیاتر بەهاونیشتمانیانی سنووەرکە بکرێت کە ئەرکی هەرە لەپێشینەمان گەیاندنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاترە بۆ هاوڵاتیانی نیشتمانەکەمان .

لەبەشێکی دیکەی سەردانەکانیدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێك لەکارو چالاکی و پرۆژەکانیان خستەڕوو لەپێناو پاراستن و خزمەتکردنی هاونیشتمانیانی سنووەرکەو کارئاسانی تەواو بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی تەندروستی و خۆپارێزی بەردەوام لەڤایرۆسی کۆرۆنا لەپێناو دووركەوتنەوە لەبەرەیەك کەوتن لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانپڕکردبۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان .

پێش هاتنی ساڵی نوێ ئۆتۆبانی دهۆک - هەولێر تەواو دەبێت



ئۆتۆبانی هەولێر- دهۆك، لە سنووری پارێزگای دهۆك بەرەو کۆتایی دەچێت، بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دهۆکیش دەڵێ، پێش هاتنی ساڵی نوێ، پرۆژەکە تەواو دەبێت و ساڵی تازەش بە شێوەیەکی فەرمی دەکرێتەوە.

خەدیجە محەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگاوبانی دهۆك، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «ئۆتۆبانی دهۆك – هەولێر، لە سنووری پارێزگای دهۆك زیاتر لە ٩٠٪ی کارەکانی تەواو بووە و دوو چین قیرِی بۆ کراوە، ئێستاش کۆمپانیای جێبەجێکار سەرقاڵی قۆناغی وردەکاریی کۆتاییە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ڕادەستی حکوومەت بکرێت».

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دهۆك دەشڵێت: «لە دیوی دهۆك ٢٢ کیلۆمەترە و کاری جوانکاری و ڕووناکی بۆ ئۆتۆبانەکە ئەنجام دراوە و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو دروست دەکرێت، کە دوای تەواوبوونی، کارئاسانیی زۆر بۆ هاوڵاتیان دەکات، چونکە ڕێگایەکی نێودەوڵەتییە».

لەبارەی کردنەوەی ڕێگاکە بە شێوەیەکی فەرمی، خەدیجە محەمەد ڕوونی کردەوە: «ڕێگاکە پێش هاتنی ساڵی نوێ تەواو دەکرێت و بۆ ساڵی ئایندە ٢٠٢١، بە شێوەیەکی فەرمی بە ڕووی هاوڵاتیانداد دەکرێتەوە، کە بە کردنەوەی، ڕێگای نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك زۆر کورت دەبێتەوە، چونکە ڕێگایەکی خێرایە».

یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەبێ بەرانبەر فۆرمی زاکۆ لاین پڕ دەکاتەوە



لە هەولێر یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵدەستێت بە پڕکردنەوەی فۆرمی زانکۆلاین بۆ قوتابیانی پۆلی ١٢ئامادیی، بەبێ بەرانبەر لە بەرواری١٣/١٠/٢٠٢٠ کاتی کردنەوە و ڕێوڕەسم ٩ی بەیانی، دواتر لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەکرێتەوە.

شوێن: سەنتەری ئاڵا پشت سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

باتیفا.. کۆمەڵێک پرۆژە بە گوژمەی 9 ملیار دینار ئەنجام دەدرێن



بەڕێوەبەری ناحیەی باتیفا ڕایدەگەیەنێت، لە سنووری ناحیەی باتیفا کۆمەڵێك پرۆژە بە گوژمەی ٩ ملیار دینار ئەنجام دەدرێن، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی تەرخان کردوون.

دلشێر عەبدولستار، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: «لە سنووری ناحیەی باتیفا پرۆژەیەکی گەورەی ئاو بۆ ناوچەکە بە گوژمەی حەوت ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ دروستکردنی شەقامێکی ٨٠٠ مەتری لە نیزك باتیفا، پرۆژەیەکی ئاوەڕۆی ٥٠٠ مەتری و شەقامێکی دیکەی ١٢٣٣ مەتری، کە ٢٥٠مەتری ئاوەڕۆیە و، دەست بە ئەنجامدانی سەرجەم پرۆژەکان دەکرێت، جگە لە پرۆژەی ئاو نەبێت کە ئەویش پێویستی بە تەندرینە و ئەوانەی دیکە کاری بەردەوامیان تێدا دەکرێت و بەشێك لەوانەش ٥٠٪ تەواو بوونە».

عەبدولستار گوتیشی، پرۆژەی ئاو لەو مانگەدا کە ڕێکارەکانی تەواو بوون، ئەویش دەست بە دروستکردنی دەکرێت.

ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، گوژمەی کۆی پرۆژەکان کە لە سنووری ناحیەی باتیفا ئەنجام دەدرێت، ٩ملیار دیناڕە، کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی تەرخان کردوون و دەست بە جێبەجێکردنیان کراوە.

لێژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی چەند بڕیارێکی نوێ دەدات

لێژنەی لێژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، بە سەرپەرشتی پارێزگاری سلێمانی و بەئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دیوانی پارێزگای سلێمانیدا، بۆ هەڵسەنگاندن و دانانی ڕێنمایی و ڕێکاری نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، کۆبوونەوە. لە خاڵێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: «لە هیچ فەرمانگە و دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی و کەرتی تایبەت ڕێگا بە چوونە ژوورەوەی هیچ موراجیع و هاوڵاتیی و داواکارێک نادرێت ئەگەر پابەندی ڕێنمایی و ڕێکارە خۆپارێزیی و تەندروستییەکان نەبێت». لێژنەی ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوەکردووە: «کردنەوەی خوێندنگا و ناوەندە زانکۆییەکان لە هۆڵەکانی خوێندنداد، بە مەرجی پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستیەکانەوە بە پەسەند دەزانین و سەرپەرشتیارانی کارگێڕی و پەروەردەیی ڕادەسپێررێن بۆ چاودێریکردنی پابەندبوونی ناوەندەکانی خوێندن بەم ڕێنمایی و ڕێکارانەوە».

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی محەمەد کەریمیان،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (محەمەد کەریمیان)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆقان داواکارین گیانی (محەمەد کەریمیان) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی شەهید مستەفا حاجی ڕەسوڵ،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئامینە)خان کچی شەهید(مستەفا حاجی ڕەسوڵ)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆقان داواکارین گیانی خاتوو(ئامینە) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی محەمەد ئەحمەد ساپیر،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان(محەمەد ئەحمەد ساپیر)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خەڵف عەبدولکەریم محەمەد،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (خەڵەف عەبدولکەریم محەمەد)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

.....

بەڕێز، یاسین هێژا،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(زوڵێخا ئیبراهیم)دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز دکتۆر نوری عوسمان

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی ناودار و بڕای شەهیدی سەرکردە و سیاسەتمەداری گەلەکەمان (سامی عبدولڕەحمان)، خوالێخۆشبوو (عوسمان عەبدولڕەحمان شنگالی)ی باوکی بەڕێزتان. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بەڕێزتان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەواییتان پێببەخشێت و گیانی باوکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین بەرین شادبکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان





بەر لە هاتنی وەرزی زستان ژمارەیەک ڕێگاوبانی سەرەکی چاک دەکرێنەوە



بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر:

- کارو بەرنامەی ئێمە چاککردنەوەی هەموو ڕێگاوبانەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە
- ئەندازیارو کارمەندانیش شەوو ڕۆژ کار دەکەن بۆ ئەوەی بەزووترین کات پرۆژەکان تەواو بکەن



خەبات: سەید فاتیح بەرزنجی

ڕێگاوبان شادەماری بازرگانی وپێشخستنی کەرتی ئابووریی لەهەموو وڵاتێك و لەکوردستانیش چەندین ڕێگاوبانی سەرەکی هەن بوونەتە هۆکاری بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان، بەتایبەتی ڕێگای سەرەکی دەروازەکانی سەرسنوور، کە سەدان کامیۆنی بارهەڵگر سوود لەو ڕێگاوبانانە وەردەگرن، بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بەچەند قۆناغێك هەموو ئەو ڕێگاوبانانەی چاك کردۆتەوە، دەربارەی چۆنیەتی چاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانەئەندازیار عیماد محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات:

لەسنووری پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێگاوبانەکان چاککراونەتەوە

\دەربارەی چۆنیەتی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان ئەندازیار عیماد محەمەد ئەمین گوتی: بەرنامەو پلانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەپاراستن و چاککردنەوەی هەموو ڕێگاوبانەکانی سنووری پارێزگای هەولێرەو لەو سنوورەدا هەر ڕێگایەکی سەرەکی و لاوەکی لەلایەن کەرتەکانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ئەنجام دەدرێت و دروشمی کارکردنمان لەکابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتکردنی هاوڵاتیانەو ئێمەش بەپەڕۆشەوە کار بۆ خزمەتکردن دەکەین و ئەندازیارو کارمەندانیش شەوو ڕۆژ کار دەکەن بۆ ئەوەی بەزووترین کات پرۆژەکان تەواو بکەن، لە ساڵی 2019 لە قۆناغی یەکەمدا دەستمان بە چاککردنەوەی پرۆژە خێراکان کرد کە بەشێوەیەکی خێرا ئەنجام دەدرا وەك چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و قیرتاو کردنیان و لەماوەیەکی کورتدا توانرا 21 پرۆژە لەماوەی 70 ڕۆژ تەواو بکەین، دیارە ئەو پرۆژانەیش دابەشی سەر چوار کەرت دەبن واتا لە حاجی ئۆمەران تا دەگاتە شارۆچکەی مەخمورو شارۆچکەی کۆیەو قەزای خەبات، تیمەکانی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر بەبێ جیاوازی کاری چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان دەکەن و هەموو کارەکانیش بەپێی پلان و بەرنامەیەو پلانی ئەوەشیان دانا لەمانگی چوار قۆناغی دووەم دەستی پێ بکرێت و دەرخستەشیان بۆ ئامادەکرد بریتی بوو لە 27 پرۆژەی ستراتیژی ڕێگاوبان لەسنوری شاری هەولێر بەتەواو هۆکار وەك هاتنی نەخۆشی کۆرۆنا نەمانی بودجەو قەدەغەی هاتوچۆ پرۆژەکانی وەستاند.

گوتیشی: سێ جۆر بودجە هەیە ئەوپرۆژانەی وەك ئەنجامدانی پرۆژە خێراکان لەگەڵ بودجەی پارێزگای هەولێرو بودجەی سەر قەپانەکان، ئەویش بریتی بوو لە بڕێك پارە تا ژمارەیەك پرۆژەی پێ ئەنجام بدرێت و بودجەیەکی مانگانەمان بەناوی بودجەی ئاسایی و لەلایەن وەزارەتی دارایی هەیە، بەو بڕە پارەیە چەند پرۆژەیەکی بچووکی پێ ئەنجام دەدەین و ئەو بودجەیەش لەبەر نەخۆشی کۆرۆنا سستی تێکەوت و پرۆژەکانیش لە 26 شوێنی جیاجیای سنووری شاری هەولێرو چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی و لاوەکی وەك ڕێگای بێخاڵ و شەقلاوەو ڕێگای هەولێر گۆمەسپان و ڕێگای زراوەتی و ڕێگای ترانزێت کە لۆدێکی زۆری ئوتومبێلە بارهەڵگرەکانی بەسەرەوەیە جگەلە ڕێگای کانی قرژاڵە توانیمان ڕێگای مەخمور تا دەگاتە ڕێگای قوشتەپە چاك بکەینەوەو چەندین ڕێگای زۆر خراپیان راست کردۆتەوە لە هەندێك ڕێگای سنووری شاری هەولێر، وەك ڕاستکردنەوەو قەشتکردنی ڕێگای بێستانە کە ژمارەیەك گوندی بەسەرەوەیەو بەشێوەیەکی خراپ تێکچوو بوو، هەروەها لەهەمووی گرنگتر چاککردنەوەی ڕێگای سەرەکی چۆمان –حاجی ئۆمەرانە کە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕێگایەکی ستراتیژی و گرنگەو ئوتومبێلە بارهەڵگرەکانی سەرسنووری ئێران-هەرێمی کوردستان هاموشۆی تیادا دەکەن.

ئەندازیار عیماد محەمەد ئەمین دەشڵێت: نۆژەنکردنەوەی ڕێگای حاجی ئۆمەران دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت و لەلایەن د. فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بڕیاردرا دەست بە نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی بکرێت و ڕێگایەکی گرنگی نێودەوڵەتییەو هاتوچۆیەکی زۆری بەسەرەوەیەو هەڵمەتی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان درێژەی هەیە، وەك چاککردنەوەی ڕێگای ژمارەیەك گوندی دەڤەری زراوەتی هەرلە دارەشەکران تا دەگاتە گوندی قەپەکیان و زەرگەزەوی و کودەریان و گوندی هەبابان کاری بۆ دەکرێت وقیرتاوکردن وچاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانە سوودێکی بەرچاوی بۆهاوڵاتیانی ئەو گوندانە دەبێت لە بواری چاککردنەوەی پردی ئاسنیش توانیومانە ژمارەیەك پردی ئاسن چاك بکەینەوە وەك فراوانکردن و چاککردنەوەی پردی کۆنی ئاسنی ئازادی بەزیادکردنی فەرش و پلێت لە هەردوولا لەسەر ڕێگای سەرەکی چۆمان- حاجی ئۆمەران.

بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر دەشڵێت: چەندین هەڵمەتی دیکەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانمان لە دەڤەری سیدەکان-سۆران ئەنجامداوەو چەندین ڕێگامان چاککردۆتەوە کە مەترسی دارمانی هەبووە وەك چاککردنی پردی کۆنکریتی گوندی گوندەژۆر لەسەر ڕێگای چۆمان و چاککردنەوەی ڕێگای هاوینەهەواری بێخاڵ تا بازگەی گەلی عەلی بەگ و کاروبەرنامەی خۆشمان هەیە بۆ چاککردنەوەی ژمارەیەك ڕێگاوبان وەك چاککردنەوەی ڕێگای خەلیفان- بالیسان و ڕێگای گوندی -فریز مامەجەلکە زۆر گرنگە، کە بودجەیەکی زۆری بۆ دەستەبەر بکرێت لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگایە بارهەڵگرێکی زۆری بەسەرەوەیەو بەشێوەیەکی خراپ تێکچووە، کە پێشتر بەیەك چین قیرتاو کراوەوپێویستی بە چاککردنەوەی زیاتر هەیەو لۆدێکی زۆری کامیۆنی بارهەڵگری بەسەرەوەیە، هەرلە کارو بەرنامەدایەو زۆرپێویستە کاری بۆ بکەین ڕێگای بەستۆرە- دارەشەکران و قۆناغی دووەمی ڕێگای گۆمەسپان- هەولێر، لەبەر هۆکاری نەمانی بودجە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەکراوەو هەندێ ڕێگا کە دارماوە بەو بودجە کەمەی خۆمان چاکیان دەکەینەوەو چەندین ڕێگامان پاك کردۆتەوەو و بەردەکانمان لابردووەو کاری ڕێکخستنمان بۆ کردووە تا بەڕێکوپێکی چاکی بکەینەوەو چەندین ڕێگای دارماو هەیە پێویستی بە بودجەی زۆر هەیە دەرخستەمان بۆی ئامادەکردووەو لەپلانی ئەمساڵ دانراوە، بەڵام بەهۆی نەمانی بودجە کارەکانی تیابدا وەستاوە.

پلان و بەرنامەی تازە

دواتر ئەندازیار عیماد محەمەد ئەمین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر گوتی: ئێمە چەندین دەرخستەمان بۆ کۆمەڵێك ڕێگاوبان هەبوو بۆ ئەمساڵ، کە بریتی بوو لە چاککردنەوەی چەندین ڕێگاوبانی سەرەکی و گرنگ و کارگەی قیری پێشکەوتوومان هەیە بەستافێکی پسپۆڕو بە ئەزموون و ئەوان بوونەتە پاڵپشت بۆ هەندێ پرۆژەی شارەوانی وەك دروستکردن و قیرتاوکردنی شەقام لە شارەدێی دارەتوو، پێشتریش چەندین شەقامان بۆ شارەوانی قیرتاو کردووەو پلان و بەرنامەی ئێمە فراوانە بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان.







سااڵنە زیاتر لە 20 هەزار دۆنم زەوی بە برنج دەچێنرێت

وەرزی درووێنەی برنج لە هەرێمی کوردستان دەستپێ کرد



خەبات: عەلی بانیشاری

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێم ساڵی رابردوو بەرهەمی برنج گەیشتووەتە 96 هەزار تەن. وەکو جووتیاران باسی دەکەن ماوەی چەند ساڵێکە چاندنی برنجی کوردی زیادیکردووە. ئەو برنجەی لە کوردستان بەرهەم دەهێنرێت لە 6%-10% بەرهەمی ناوخۆ پرەدەکاتەوە. چاندنی برنج لە باشووری کورستان ساڵانە لە مانگی ئاداروە دەستپێدەکات و لە سەرەتای تشرینی یەکەمیش دروێنە دەکرێت.

عەزیز محەمەد، جووتیارێکی ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجوێنە لە پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: زۆرترین برنجی پێنجوێن لە ناحیەکەی ئێمە دەچێنرێت بە شێوەیەك ساڵانە زیاتر لە 50 تەن برنج لە سنوورەکەدا بەرهەم دەهێنرێت. دەشڵێت: بەرهەمی برنجی ناڵپارێز بەهۆی باشییەکەیەوە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ساخ دەبێتەوە. گوتیشی: لەئێستادا هەر کلیۆیەك چەڵتوك نرخەکەی لە نێوان 3-4 هەزار دینارە. برنجی چەوتان لە قەزای پێنجوێن لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقەوە وەکو یەکێك لە باشترین جۆرەکانی برنج پۆلێن کراوە.

کەس ناکەوێت. ئەوەشی گوت: برنجی باتاس و هەریر باشترین جۆری برنجە و ناوبانگێکی زۆری هەیە و نرخەکەشی لە برنجی ناوچەکانی دیکەی کوردستان گرانترە.

ناوبراو داواشیکرد وەزارەتی کشتوکاڵ گرنگی زیاتر چاندنی برنج لە کوردستان بدات. کاروان کەریم خان هەروەها دەشڵێت: دەکرێت وەکو بەرهەمێکی ستراتیژی سەیری برنج بکرێت و دەشتێکی وەکو هەریر توانا ئەوەی هەیە بەرهەمی برنجی کوردی بە نەتەوەکانی دیکە بناسێنێت، بۆیە پێویستە پەرەی پێبدرێت. ئاماژەی بەوەشدا وەکو بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی هەریر پشتگیری جووتیارانی ناوچەکە دەکەن بەتایبەت لەچاندنی برنجدا.

جووتیارانی کوردستان تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی کلاسیکی برنج دەچێنن. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دیاریکردووە ساڵانە هەر تاکێك 38 کلیۆ برنجی پێویستە. (نەسرێ، گەرمە، سەدری، بازیان، عەمبەر، نەهلە، مەولەوی، گوڵ سپی، بجیل، قولەسوور)..هتد لەو جۆرە برنجانەن کە لە کوردستان دەچێنرێن. ساڵانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 240 هەزار تۆن برنج بە بەهای نزیکەی 250 ملیۆن دۆلار هاوردە دەکرێت.


ناحیەی هەریر بە (خەبات)ی گوت: لە کۆی زیاتر لە 100 هەزار دۆنم زەوی دێم و بەراو لەناوچەکەدا، تەنها سوود لە 7 هەزار دۆنمی وەرگیراوە کە ئەوەیش زەوی بەراوە. دەشڵێت: لە ڕێگەی وەبەرهێنەوە دەتوانرێت ئەو 100 هەزار دۆنم زەویە کە نزیکە لە زێی قەندیلەوە بکرێتە بەراو و بە بۆری ئاوی بۆ رابکێشرێت و ساڵانە باشترین جۆری برنجی لێ بچێنرێت. ئاماژەی بەوەشدا ئەمساڵ 400 دۆنم زەوی لە سنوورەکەدا بە برنج چێنراوە.

بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر گوتیشی: برنجی هەریر و باتاس لە سنوورەکەدا ساخ دەبێتەوە و بۆ ساڵی داهاتوو نامێنێتەوە. باسی لەوەشکرد لە خوار و ناوەڕاستی عێراقەوە کەسانێك ئارەزووی کڕینی برنجەکە دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێژەکەی کەمە دەست هەموو



کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کێشەی خێزانی لەسەر منداڵان بەتایبەت کچانی مێرمنداڵ

ئا/ ژیلا کەریمی



پێکهێنانی ژیانی خێزانی واتا هەڵگرتنی بەرپرسایەتییەك کە نەك تەنیا ژن و مێرد بەڵکو منداڵان و پەروەردەی نەوەی داهاتوو لەخۆدەگرێت، هەربۆیە سەرکەوتن لەو پرۆسەیە واتا هەبوونی ژیانێکی ئارام و بێ کێشە هۆکارە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ئارام و دوور لە تووندوتیژی و بە پێچەوانەوە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر کوڕان و کچانی خێزان دەبێتە خوویەکی نەپچڕاوی پەروەردەیی کە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە. کچان لەو بارودۆخە زیاتر زەرەمەندن بەوەیکە هەستێکی ناسکتریان هەیە، لە لایەکیتر ڕەنگە نائارامی خێزان هانیان بدات بۆ ئەوەیکە ئەو سۆز و ئارامییە لە لای کەسێکی هەڵە وەربگرن و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە.

گرفتە دەروونی و جەستەییەکان

دەتوانین بەو جۆرە بناسێنین کە هەر ڕەفتارێک کە مەبەستی ئەوە بێت ئەوەی تر یاخود بەرامبەر بچووکتر، لاوازتر بکات و دەستەڵاتی بەسەردا بسەپێنێت. ئەوەش بە ڕێگەی تۆوی ترس لەدڵدا چاندن، تەهدید، کەمکردنەوەی/ بچووککردنەوە بە وشە/ ئازاری دەروون وڕوحی یان بە لێدانی جەستەیی/ فیزیکی.

ئەو کچانەی کە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی نالەباری خێزان گەورە دەبن تەنیا گەواهیدەر/ بینەری تووندوتیژی نین، بەڵکو قوربانیین و ئەگەری زۆری هەیە بێتە مایەی نەخۆشی دەروونی وەك پۆستتراوما -PTSDPost-traumat ic stress disorder (PTSD) ئەوان لە ژینگەیەکی نالەباری ناتەندروستدا و هەڵگری کۆمەڵێك لە هەستی نەبوونی ئەمنی و ئاسایش و ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین. ئەوەش بنچینەی مەرجەکانی ژیان و گەشەکردن لەناو ژینگەیەکی تەندروست لەناودەبات. لە ئەنجامیشدا هەستی بێبەهرەیی بە خود و ترس و دڵەڕاوکێ و نەبوونی بازنێکی بەهێزی کۆکردنەوەی خێزان، سەرلێشێواوییەك دروست دەکات کە کچ واتای ڕاستەقینەی خۆشەویستی نەزانێ و خەمبار و تورەبوێ دەسەڵات و ناچارە پەنا بۆ بازنەی دەروەی ببات کە هاوتەمەنەکانن/ هاوڕێیانی لەبارونالەبار ومەترسیدار لە خوێندنگە یان لە شوێنی کار و پیشە...هتد و بەو هۆیەشەوە تووشی سەرکێشی و سەرلێشێواوی بێت و زیان بە خۆی بگەیەنێت یانیش بکەوێتە داوی تەڵەی نامرۆڤدۆستان و ژیانی لەوەی هەیە نالەبارتر ببینێت.

پارێزەر بێخاڵ عەبدوڵڵا لەو بارەوە دەڵێت: بە تێڕوانینی من خێزان بەرپرسی یەکەمی پەروەردەکردن و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی کردنی تاکە. خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پەروەردەکردن



بێخاڵ عەبدوڵڵا

وپێگەیاندنی ئەندامانی هەیە واتە منداڵ بە هۆی ئەو پەروەردە خێزانییەی کە فێردەکرێت دەبێتە بناغەیەك بۆ ئەوەی کەسایەتی دیاری بکرێت لەلایەنی جەستەی، بیرکردنەوە و سۆزداری گەشەی پێبدات. شارەزای ئادابە کۆمەڵایەتییەکان بێت لەنێو خێزاندا، بڵاّم خێزان دەبێت لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بنیات بنرێ. گەر دایك وباوك کەسانی شەڕانگیز و خۆپەرست بن ئەوە خێزانێکی ناتەندروست بەرهەم دێنن پر دەبێت ل ەکێشەوگرفت بەتایبەت بۆمنداڵە کانیان. لەم حاڵەتەدا منداڵ زیانمەندی یەکەمە لەنێو خێزان، چونکە توشی کۆمەڵێك کاریگەری نەرێنی دەبێت، هەست بەئارامی ناکات و دەکەوێتە گێژاوێکی دەروونی کەپڕبێت لە نەهامەتی دووچاری سستی چالاکی ژیانی ڕۆژانەی دەبێت و پەنا دەبات بۆ هەندێك کرداری ناپەسند وەکو مادەی هۆشبەر تاکو دوورکەوێتەوە لە کێشەوگرفتەکانی نێو خێزانەکەی و بەداخەوە کچان زیاتر ڕووبەڕووی کێشەوگرفتەکان دەبنەوە بەهۆی ئەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییانەی بە زۆر بەسەریاندا سەپاوە. کچان هەست بە بۆشای دەروونی دەکەن لەنێو خێزانەکانیان، بۆیە پەنا بۆ دەرەوەی ماڵ دەبەن بۆ ئەوەی خۆیان دەربازبکەن لەم ژیانەی تێیکەوتوون، لەم ڕێگەیەش هەرس دێنن تووشی کەسی خراپ و نامۆدەبن، بەکاریان دەهێنن بۆکاری بەدڕەوشتی و نایاسای لەم حاڵەتەدا کەسێکی بێ هێز و بێ ئیرادە دەردەچێت، کاریگەری خراپ دەکاتە سەر کۆمەڵگە و دەبنە بارێکی قورس بۆ دەوروبەریان، چونکە لە گێژاوی نابەرپرسیاریدا دەژین، هەست بە هیچ بەها و ڕێزێك ناکەن هەمیشە بەدوای مەرامەکانی خۆیانن بۆئەوەی پێبێگەن. پێویستە بەر لە هاوسەرگیری بە قوڵی ببربکرێتەوە و بەر لە منداڵبوون دووجار قوڵتر ببربکرێتەوە تا خێزان و کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت.

ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری ئافرەتان لە دهۆك هەیفا دۆسکی بەمشێوەیەدوا: کچ ئەوا کەسا گرنگ دهێتە دیتن دناڤ هەر خێزانەکێ و تایبەت تەخا زارویا دبنە قوربانی بو هەر ئاتافەکا خێزانێ و جڤاکی، ئەڤە ب تایبەت کچ چونکی ئەو دجڤاکێ مەدا لاواز دهێتە دیتن ژبەر ئەو قوربانیا هەر گهۆرینەکا جڤاکی یە چونکی کچ دبیتە



هەیفا دۆسکی

خویك و هەڤژین دایك و مرۆڤ ژ وێ دهێتە درۆستکرن، ژلایەکێ دیڤە چونکی کچ ژ هەمی لایەکی ڤە یا چارچوڤەکریە و دهێتە ئێشاندن ژی چونکی ئازادی بتنێ ل سەر جەستەیێ وێ دهێتە دیتن، ئەڤە وێ یەکێ دگەهینیت کو هەڤالینی و تیکەلی هەر بو کچێ درۆست نینە دناڤ جڤاکێ مەدا، لەورا دناڤ ئاریشێن خێزانێ ژی چونکی پتریا دەمێ کچێ دمال ڤەیە ئەو پتر دکەڤیتە بەر خەم و نەخوشی و هەلگرتنا بەرپرساتیا مالێ، هەر چەندە ژیانا نوکە ب شێوازەکێ هاتیە گهۆرین بەلێ وەکو تێگەە و هزرکرن دازادیا کچێ دا هەر یا سانسور کریە، دەمێ ئەو ڕەفتارەکا جودا ژی دکەت و ئەنجام دەت تووشی سزایێن دژوار دبیت هەتا دناڤ خێزانێ ژی دا دەمێ ئاریشە دناڤبەرا دایك و بابا دا هەبیت و ژێکڤەبوونەك پەیدا دبیت تێکسەر ئەو برپرساتیا خێزانێ دبیتە بەهرا و دڤێت ئەوان زارویا ب خودان بکەت و ل جهێ دایك و بابا رابیت، هەتا ب سەدان نمونە هەبووینە کچان ژیانا خوە کریە قوربانی بو خویك و برایێن خوە بتنێ دا ئەوان ب خودان بکەن، بەلێ قوناغا ئەڤرو یا خێزانێ کوشتن و لێدان و قوتانا کچا و ئیستغلال کرنا وان ژلایێ کوران ڤە دبنە قوربانی بو ڕەفتارەکا ڕەوشتی چونکی کچ دکەڤیتە بەر سزا پتری کوری و ب هزاران کچ دمالێن بابێن خوەدا بوینە خودان زارو و هاتینە کوشتن و بن ئاخ کرن ئانکو چەند ژیان پتر پێش بکەڤیت تێگەە و مێشکێ جڤاکی بو دیتنا حەز و هەست و ڤیان و کەسایەتیا ڕەگەزێ مێ پاشڤە ماینە و ب کێمی و کەسەکا بێ بها دهێتە دیتن. بەلێ ئەم پێدڤی زێدەتر هوشیاریا جڤاکی و هزری و دەرونی نە بو ڕەگەزێ نێر و مێ، ژبەر هەر دوو وەك مرۆڤ ب هەڤ نانێرن و وەك دوو بەرەکی و هەڤدژی و رکبەریی ڕەفتارێ دگەل ئێك دکەن، ئەڤ یەکە ژی پتریا جاران تولقەکرنەکا دژوار بو ئێك هەیە و دژی ئێك داروەستن.



سەیر و سەمەرەکانی هاوسەرگیری لە گۆشە و کەنارەی جیهان

ناشیرینکردنی بووک لە وڵاتی بۆلگاریا

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

لە زۆربەی وڵاتان واباوە کە بووك و زاوا لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریان بەو پەڕی بایەخەوە خۆدەڕازێننەوە و گرنگی بە خۆیان دەدەن. ئەوەی تا ئێستا ئێمەش بینیومانە هەر ئەوە بووە، بەڵام سەیر و سەمەرەکانی جیهان بڕانەوەی نییە و هەن وڵات و نەتەوەی جیاواز کە بە پێچەوانەوە کارەکەن. بۆ وێنە لە وڵاتی بۆلگاریا ڕسم و عاداتیان وایە کە بووکە خان بە شێوازێکی ناشیرین و هەندێجار ترسناك دەڕازێننەوە و ئامانج لەو کارەش وەك خۆیان دەڵێن ئەوەیە کە کاتێك بووك میکیاژی لە دەموچاوی سڕییەوە کاکی زاوا شوکرانەبژێری بووك بێت و بە جوانی سروشتی بووك سەرسام بێت.

بە پێچەوانەوە لە زۆر وڵات بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بووك وەها بە میکیاژ و فرت و فێڵ جوان دەکەن و دەیرازێننەوە کە گەر میکیاژ شۆراوە ئیتر ئەو بووکە شۆخ و سەرنجڕاکێشە لە کچێکی ئاسایش کەمتر جوانی دەبێت. جا ئیتر خۆتان دادەور بن کام میکیاژ باشترە.

گرنگی تیشکی خۆر و ڤیتامینی D بۆ ئافرەتان

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

هەر وەك ئاگەدارن تیشکی خۆر بۆ بەرهەمهێنانی ڤیتامین D بۆ پێست پێویستە، جگە لەوەش بۆ هەبوونی ئێسکی بەهێز و کاراکردنی سیستەمی بەرگری لەش یەکجار گرنگە. لێکۆڵینەوە و توێژینەوە نوێیەکان دەریدەخەن بوونی ڤیتامین D بە ڕادەیەکی دیاریکراو لە فاکتە گرنگەکانە بۆ بەرگری لە نەخۆشییەکانی وەك شێرپەنجە، چڕبوونی پێکهاتەکانی لەش، زەختی خوێن، نەخۆشی دڵ و دەمار و جۆرەکانی شەکرە و بەمدواییانە چوونە سەری بەرگری جەستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.

ڕێگەی دروستبوونی ڤیتامین D بوونی ڕاستەوخۆی تاکە بەامبەر تیشك کە پێست بەرهەمی دەهێنێت. هەڵبەت بە بێ بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر. بەرکەوتنی ڕاستەخۆی تیشکی خۆر بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە ڕۆژدا بەسوودە و جگە لەوەش لێکۆڵینەوەی زانکۆی هاروارد دەریدەخات کە دەبێت لە ڕێگەی خۆراك و تەواوکەرەکان بە ڕادەی پێویست ئەو ڤیتامینە بگاتە جەستە بەتایبەت بۆ ئافرەتان کە بە هۆی منداڵبوون لەو بارەوە کێشەیان بۆ دروست دەبێت و نەخۆشی پوکانەوەی ئێسك لە نەخۆشییە باوەکانی ئافرەتانە. زۆربەی ئافرەتان تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بەدەست کەمخوێنی و کەمی ڤیتامین D دەنالێنن. جگە لەوەش تەندروستی پرچ و پێست ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕادەی ڤیتامین D یەوە هەیە و ئەو ئافرەتانەی بە ڕادەی پێویست نەچوونەتە بەر تیشکی خۆر یان خواردنی تەندروستیان بەکار نەهێناوە ئەوا تووشی چرچی پێست، بوونی پەڵەی ڕەش و لۆچی دەوری چاو دەبن و پرچیان دەوەرێت یان ڕەونقی پێویستی نابێت.



کەس هێندەی سەرۆک بارزانی لەخەمی شنگالدا نەبووەو نیە؟



سیامند سێلکی

لای دۆست و دۆژمن ڕوونە تا شنگال لەدەست داعش ڕزگار نەکرا . سەرۆک مەسعود بارزانی شانبەشانی پێشمەرگە لەبەرەکانی بەرگریکردندا بوو . دوای ڕزگارکردنی شنگالیش بەهەمان خەمخوری و پەرۆشییەوە کاری بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی شنگالی کردوە . لەم سونگەوە لەکاتی سەردانەکانیدا بۆ ئەمریکاو .بەپێچەوانەشەوە کە شاندی ئەو ولاتانە سەردانی هەولێریان دەکرد .بەردەوام سەرۆک بارزانی هەولی داوە پشتیوانی نێودەولەتی بۆ سەر لەنوێ ئاوەداکردنەوەی شنگال بەدەست بێنێت . دیارە هەمیشە وەلامی شاندە بیانیەکان لەو بارەوە پۆزەتیف بووەو ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردن دەربڕیوە ،بەڵام پێیان وابووە کە شنگال پێش شنگال ، هەولێر لەڕێگای دانوستاندنەوە هەمو هەولێکی داوە تا قەناعەت بەپ ک ک بێنێت و ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی خەلکی شنگال بکات و لەناوچەکە دوور بکەوێتەوە .لێ مخابن پ ک ک وەکو هەمیشە بەلوتبەرزیەوە وەلامی تکاو ڕجاکانی هەولێری داوەتەوەو ئامادە نەبووە هیچ هاوکاریەک لەوبارەوە بکات .لەبەرامبەریشداو تەنها بۆ ڕازیکردنی ئێران هەمو تەنازولێکی بۆحەشدی شەعبی کردوەو دەکات و پێکەوەش بونەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی شنگالدا. بۆ کوتایی هێنان بەم واقعە ناشەرعی و سەپێنراوە، هەولێر لەسەر داوای یوئێن و ئەمریکا لەگەل بەغدا دەستی بەگفتوگۆ دانوستاندن کرد .گفتوگۆکان بەجاودێری ڕاستەوخۆیی یوئێن و ئەمریکیەکان هەمو قوناغەکانیان بڕی تا گەیشتنە ڕێککەوتنی کوتایی .دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەش ئەمریکاو یوئێن و فەرەنساو زۆر ولاتی دیکەش بەگەرمی پێشوازیان لەڕێککەوتنەکە کرد . بێ گومان ئەم پێشوازی کردنە زۆر واتا دەبەخشێت و لەزۆر ڕووەوە گرنگی خۆیی بۆ کورد بەگشتی و شنگال بەتایبەتی هەیە . یەکێک لەگرنیەکان ئەوەیە ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە بنەما بۆ کوتایی هێنان بەو واقعە داگیرکاریەی کە دوای خیانەتی شازدەی ئوکتوبەر بەسەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەپێنراوە . وەک لەڕێککەوتنەکەدا هاتووە قایمقامێک کە کوردی ئێزدی دەبێ بۆ شنگال دەست نیشان دەکرێ ،(2500)گەنجی شنگال وەکو پۆلیس بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە دادەمەزرێن .هەمو میلیشاکان لەناوچەکە دوور دەکەونەوە .پێشمەرگە لەگەل سوپای ئێراق لەناوچە سترتیژیەکان جێگیر دەکرێت و ئەمنیەتی ناوچەکە دەپارێزن .لەهەمو ئەمانە گرنگتر هەولێرو بەغدا پێکەوەو بەهاوکاری هاوپەیمانان و یوئێن بەرنامەو پلانێکی هەمە لایەنە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان دادەڕێژن و جێبەجێ دەکەن . ئەوەی جێگای داخە ئەو خەلکانەی لەڕقی پارتی هەمو سپیەک ڕەش و هەمو ڕەشێک سپی دەکەن .کوێرکوێرانە سەنگەریان لەم دەسکەوتە مەزنە گرتووەو هەول دەدەن بەکومەلێک لێکدانەوە کە دوورن لەلوژیک ئەقلانیەت لەپێش چاوی کوردستانیان کەم ڕەنگ و بێ بایەخ بکەن .هەلبەت ئەم هەولە نەزۆکە تەنهاو تەنها بۆ ڕازیکردنی دڵی ئەو لایەنانەیە کەناحەزو دۆژمنی کوردن.

ئاوەدانکردنەوە پێویستی بەگەڕاندنەوەی ئەمنیەتە ، وە بەڕوونی ئاماژەیان بەوە کردوە کە تا پ ک ک و حەشدی شەعبی لەوێ بن ئەو ئەمنیەتە دەستەبەر نابێت . لەهەر شوێنێکیش ئەمنیەت نەبێ کاری تێدا ناکەن و گیانی خەلکی خویان ناخەنە مەترسیەوە . هەروەها گوتویانە بۆ ئەوەی بتوانین لەو بارەوە هاوکاریتان بکەین دەبێ ئێوە وەکو حکومەتی هەرێم لەگەل بەغدا گفتوگۆ بکەن و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا بارودۆخی شنگال ئاسایی بکەنەوە .پێویستە بەهەماهەنگی هەولێرو بەغدا دامودەزگا شەرعیەکان بگەڕێنەوە شنگال و کوتایی بەدەستەلاتی میلیشاکانی پ ک ک و حەشد بێتن .....هتد


لەسەر ئەم بنەمایەو لەپێناو کوتایی هێنان بەدەردو مەینەتیەکانی خەلکی کوردستان ، هاتنە ئارایی ڕووداو و پێشهاتە نوێیەکان بەتایبەت ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەر ئاستی ناوچەکە و عێراق و جیهان ، لێکەوتە کانی و دابەزینی نرخی نەوت و ئینجا گوشارەکانی بەغدا و جێبەجێ نەکردنی پرسی بودجە و مووچە لەلایەن بەغداوە و کاریگەری زۆری لە سەر کارو پێشکەوتنە ئابووریەکان و کارنامەی حکومەتی کوردستان دانا ،بەڵام سەرەڕای ئەو کاریگەریانەش حکومەتی کوردستان ، دەستی بە چەندین پرۆژەی ستراتیژیّ هەر لە زاخۆ تا حەلەبجە کرد ئەوەش پەیامێکی ڕوون و هیوابەخش بوو بۆ هەمو کوردستانیان ، هەروەها لەرووی تەندروستیشەوە ، بە هەمو توانایەکەوە کاری بۆ پاراستنی گیانی کوردستانیان و گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی هەر لە سەرەتا وە تابە ئەمرۆ خستە گەر.

ئەو هەنگاوە ستراتیژی و گرنگانە، لە جیاتی ئەوەی لە لایەن هەندێک گروپ و تاقم بە ناو ئۆپۆزسیۆن پشتیوانی لێبکرێت و ئەوا وەک چاوێکی تر حکومەتی کوردستان ڕێگە خۆشکەر بن بەڵام بە پێچەوانەوە وەک تێکدەر و ڕووخێنەر دژی هەنگاوەکانی حکومەتی کوردستان لە ڕێگەی پروپاگەندە و چەواشەکارییەوە کاریان بۆ دەکرد .

بۆیە، سەردانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان و تیمەکە لە حکوومەت لە پەرلەمانی کوردستان و مانەوەیان بۆ ماوەی 10 و وەڵامدانەوەی پرسیاری 98 پەرلەمانتار کە لە زیاتر 350 پرسیار پێکهاتوو و خاڵ بە خاڵ لە سەر ئەدا و بەرنامەکانی حکومەتی کوردستان و بە ئامادەبوونی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی سەرەکی لە پەرلەمانی کوردستان چ بەشداری دەسەڵات وپانیش ئۆپۆزسیۆن بە مەبەستی لە نزیکەوە گوێگرتن لە داواکاریی و سکاڵاکانی خەڵکی کوردستان ، سەرکەوتنی گەورە و نمونەی جوانی دیموکراسی و ئازادی و بیروڕایی پیشانی هەمو ناوچەکە و عێراق و کوردستان دا لە پێناو زیاتر خزمەتکردنی بەڕۆژەوەندییە بااڵکانی کوردستان .

کاتێک ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ، پێویست ناکات بانگم بکەن و کەی پێویستبوو خۆم دێمە پەرلەمان و هەرچی ناڕوونە لاتان، بۆتان ڕوون دەکەمەوە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا ، ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و کابینەی نوێمە، بەوەی ئەوان هاتوون خزمەتگوزاری گەل و نیشتیمانەکەیان بن ، ئەوا هاتوون کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکەن ، کوردستان ئاوەردان و زیاتر بونیات بنێنەوە نەک بیری ڕوخێنەری و بێ ئومێدی لەناو هزر و تاکی دروست بکەن.


شنگال دەڤەرێکی گرینگی ناوچەکەیە



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

دوای ئەوەی لە 9/10/2020 هەولێر و بەغدا بۆ ئاسایکردنەوەی پرسی شەنگال لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یوئێن گەیشتنە ڕێکەوتن، ئەم ڕێکەوتنە بووە جێگای بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە پێش هەموویانەوە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی زلهێز ، شەنگال وەك ناوچەیەکی گرینگ وستراتیژی لە ناوچەکە وجیهان هەمیشە خاڵی هەرە بەهێز وگرنگی هەبووە بۆ گەڕانەوەی ستراتیژیەتی هێز ، دوای 2003 کورد زۆر بەهێزەوە گەڕایەوە ئەو ناوچە پڕ بایەخە هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا دووبارە ئومێد بۆ خەڵکەکەی گەڕایەوە لە بنیاتنانەوەی ژیانێکی نوێ بۆ ئایندەی ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژاندا کورد سلی لێ نەکردۆتەوە ، بەڵام بەهۆی بێ بایەخی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لەوناوچەیەدا لە 2014 وە دەستی ڕەشی تیرۆر گەیشتێ تا ڕادەیەکی زۆر کاولکاری بەخۆیەوە دیت ، بەڵام لەوەش زیاتر لە دوای 16 ی ئۆکتۆبەری 2017 دا بەهۆی داگیرکاری لەلایەن (حەشی شەعبی) یەوە ناوچەی شەنگال وتەواوی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کەوتنە ژێر هەڕەشە وبێ بایەخی لەمەشیاندا بەغدا بەرپرسی یەکەم بوو لەو ماڵوێرانیەی کە ڕوویاندا.. گرینگی شنگال ودەشت وپانتایی وچیاکەی تایبەتمەندی خۆیان هەیە بەهۆکاری ئەوەی دەڕوانێە سەر زۆربەی هەرە زۆری ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وێڕای ناوچەیەکی پڕ بە پیت وستراتیژی هەمە لایەنە ، حکومەتی کوردستان زۆر ژیرانە دوای ڕووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر بۆ دوورکەوتنەوە لە ماڵوێرانی زیاتر پاشەکشەی لەو ناوچەیە کرد ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شەنگال وەك هێما وسیمبوولی کوردان بمێنێتەوە ، لە ڕاستیشدا لەم کارەیدا حکومەتی کوردستان سەرکەوتووبوو ،چونکە دوای ئەم ڕووداوانە بەرپرسانی یوئێن ڕاستەوخۆ هاتنە نێو گفتوگۆکانی شەنگال لە نێوان هەولێر وبەغدا ئەمەش وەک سەرەتا هەنگاوێکی مەزنە بۆ چارەسەرکردنی پرس وکێشەکانی دیکەی نێوان هەردوولادا .. بەهۆی ئەوەی شەنگال چ وەك خاك وهەروەها گەل ناوچەیەکی کوردستانیە ئەگەرچی لە ڕووی ئایین وئاینزا تێکەڵاوی زۆری لێ بەدی دەکرێت وەک کوردانی ئێزیدی و وێڕای کوردانی موسڵمان بەهەردوو ئاینزا سوونە وشیعە ، لەملاشەوە بەهۆی کۆچکردن کەمینەیەکی کەمی عەرەبی ناسراو بە (بەدو) واتا کۆچەر ژیانی لێ دەگووزەرێنن ، بەڵام لە دوورماهیدا شنگال دوای ئەو هەمو زوڵم و زۆرداری هەولێی لەکەدارکردنی وتەعریبەی لێی ئەنجامدرا ناسنامە کوردییە ڕەسەنەکەی لەدەست نەدا ، چونکە خاك وخەڵکەکەی هەمیشە بۆنی کوردینی لەناو ناخیاندا ماوەتەوە . ڕێکەوتنی شەممەی 9/10/2020 هەنگاوی یەکەمی پرسەکانی بۆ خاڵی ئەرێنی هاوێشت کە وەک کارێکی گەورەی دیپلۆماسی کوردستانی بە ئامادەبوونی ڕێکخراوی نێودەولەتی یوئین سەیر دەکرێت ، لەمەش پڕ بەهاتردا گەڕانەوەی ئەو هەمو خەڵکەیە کە لە شوێنی خۆیان بە هۆی متمانە نەبوون بە ئەو چەکدارانەی لە شەنگاڵ ئەو ماوەیە دەسەڵاتدارێتیان هەبوو دەربەدەر کرابوون .. ئێستاکە بەهۆی هەستیاری جیهان بە تایبەت ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پێشبینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوور نیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەدەن ئاستی ناوچە ستراتیژییەکان دەگەڕێنەوە خاڵە گرینگەکان ، چونکە ئەزموونی سیاسەت و کاری دیپلۆماسی خۆی لە ئەزموونەکانی ستراتیژییەتدا بەرجەستە دەکات ، جالێرەدا ئەوەی بۆ سیاسەت و دیپلۆماسییەتی کوردستان گرینگە گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە کە زیاتر لە 100 ساڵە بەهۆکاری جیاجیا داگیرکراون ، لە هەنگاوی یەکەمدا شەنگال کە خاڵێکی گرینگی ناوچەکەیە و ڕێکەوتنی سیاسی لەسەردا کرا ، ئینجا ئەو بڕگانەی کە لە دەستووردا هاتوون بە تایبەتی 140 شوێنی خۆیان لە هەر دانووساندن و ڕێکەوتندا دەگرنەوە ، بەمەش کورد دەگاتە قۆناخێك بۆ بە یاسایی بوونی پرسەکەی بە ناوبژیوانی کۆمەڵگای نیودەوڵەتی، هەروەها ئاسایی بوونەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

واز بێنن با گۆڕانکارییەکان بەکردار ئەنجامبدرێن



هێمن شێخ زادە

گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بەکەسێکی بوێر و چالاک هەیە کە کە چالاکییەکانی سەرتاپایی جومگەکانی حکومڕانی بگرێتەوە لەزاخۆ تاکو خانەقین، ئەو ئیرادە بەهێزە لەخودی کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت و توانای ئافراندنی گۆڕانکاریەکانی هەیە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدەسپێکی کارنامەی کابینەی نوێەم بەپرۆژەیەکی گشتگیر و مۆدێرن هاتەناو کاییەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان و دەوامی فەرمانبەران ڕێکخست و زێدەڕۆیی و گەندەڵی تاناستێکی باش وەستاند سەرەڕایی بوونی نەیاری زۆر پرۆژەی چاکسازی نارەد پەرلەمان و بەیاسایی کرا و لەداهاتوودا دەکەوێتە بەواری جێبەجێکردن، هاوتا لەگەڵ بوونی قەیرانی ئابوری ڤایرۆسی کۆرۆنا دەیان پرۆژەی گرنگی نەنجامداوە.

کاریزمای کاک مسرور بارزانی زیاتر وەک سەرکردەیەکی مەیدانییە و خۆیی سەرپەرشتی پرۆژەکان دەکات و بەدواچوونی بۆ دەکات، تەواوی ڕۆژەکانی هەفتە خەریکی کار و دەوامە بۆ زیاتر خزمەتکردنی خاک و گەل، ئەو جەنجاڵی و تێکەڵیەی کەهەرێمی کوردستانی بەئاقارێکی گەندەڵی دابردووە پێویستی بە سەرکردەیەکی خاوەن ئیرادەو بەهێزی وەک کەسایەتی کاک مسرور بارزانی هەیە کە بەرژەوەندی گەل و خاک لەسەرووی هەمو بەرژەوەندییە حیزبی و تاکە کەسییەکان بێت و توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی مافیا و گەندەڵکارانی هەبێت، بەبێ جیاوازی خزمەتی گشت شارو شارۆچکەکان بکات سەرەڕایی ڕێگری زۆر و هەوڵی پەکخستنی پرۆژەو کارو چالاکییەکانی لەبەشێک لەشارەکانی هەرێمی کوردستان.

پیاوێکی کداریە گۆڕانکاریەکان لەشیعارو بانگەشەوە کران بەکردار و جێبەجێکران لەبەرنامەی سەرۆک وەزیران زیاتر هەوڵەدرێت دەرفەتی کار لەکەرتی تایبەت برەخسێندرێت لەزۆربەی شارو پارێزگاکان کەرتی پیشەسازی بەگەڕ بخرێت و زۆرترین دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیان دابین بکرێت، لەپارێزگای دهۆک پرۆژەی پیشەسازی دەستکراوە بەکارکردن و بەجێ بەجێکردنی و سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، وابڕیارە لەپارێزگای هەڵەبجە کەرتی پیشەسازی بەگەڕ بخرێت و زیاتر پشت بەبەرهەمی خۆماڵی ببستێت نەک بەرهەمی هاوردەکراو دوابەدوای دهۆک و هەڵبجەش پارێزگاو ئیدارە خۆجێیەکانی تریش دەگرێتەوە کە زۆرترین دەرفەتی کار دەرخسێنرێت بۆ هاوڵاتیان و مەزندە دەکرێت زیاتر لە (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار هەلی کار برەخسێنێت، چەندان پرۆژەی تریش لەبواری جێبەجێکردن و جێبەجێکراون کەزیاتریان ئاوەدانکردنەوەی ڕێگاوبان و شەقامەسەرەکیەکان و کەرتی کارەباو گشت کەرتەکانی تر. حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەبوونی قەیرانی دارایی و ڤایرۆسی کۆرۆنا و نەمانی داهاتی ناوەخۆ و دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی موچەی فەرمانبەرانی لەلایەن بەغداوە لەناوخۆیی هەرێمی کوردستانیش چەند دەستێکی نایاری قەوارەی هەرێم و بەرژەوەندیەکان گەل تەگەرەو بەربەستیان بۆ حکومەتی هەرێمی دروستکردوە، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێز هەیە کەتوانای پوچەڵکردنی هەمو پیلان و بەربەستەکانی هەیە، لەئایندەدا کوردستان دەبوژێتەوەو ژیان ئاسایی دەبێتەوە.

وون بوون

ناسنامەی ئاسایسیل لەگەڵ ناسنامەی بیمەی تەندروستی لەگەڵ کارتی عەشرە العمر پلاتینیوم ئاسایسیل لەگەڵ ناسنامەی تەلەفزیونی گەلی کوردستان بەناوی هۆگر مامند محمود وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە هیبە جۆری ئۆتۆمبێل عادیلە رەنگ زەرد مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٥٠٣ ژمارەی شاصی ٠٠٠٧VAM وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة كاتب عدل سرسنك

العدد / ٣٨

التاريخ /٢٠٢٠/١٠/١٢

م/ اعلان

المنذر / فكتوريا كوركيس اوشانه

المنذر اليه / سلمان داود خوشابا / مجهول محل الاقامة

سبق وان وكلتك وكالة عامة مصدقة من دائرة كاتب عدل سرسنك بالعدد (١١٤) بتاريخ ٢٠١٩/١٠/٢٨ ولانتفاء الحاجة اليها قررنا عزلك وعدم استعمالها اعتبارا من تاريخ تبليغكم بهذا الانذار ولكونك مجهول محل الاقامة حسب اشعار المختار المتضمن عدم سكنك في المحلة الان وكتاب مركز الشرطة سرسنك المرقم ١٠١٢ في ٢٠٢٠/١٠/٦ والانذار المرقم ٨ المصدق لدى دائرة كاتب عدل سرسنك في ٢٠٢٠/١٠/٥ عليه ننذرك بواسطة الصحف المحلية عدم استعمالها اعتبارا من تاريخ نشرها في الصحف وقد اعذر من انذر

وريا طيب صادق / المدير (كاتب عدل سرسنك)

***

محكمة بداءة ئاكرى

العدد/٤٢٥/ب/٢٠٢٠

التاريخ/٢٠٢٠/٩/٢٠

م/ حكم غيابي

الى المدعى عليه (طيب احمد محمود) مجهول محل الاقامة

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بحقك بتاريخ ٢٠٢٠/٨/٣٠ في الدعوى البدائية المرقمة اعلاه يقضي بالزامك بتادية مبلغ وقدره (٢٠٠٠٠٠) مائتان الف دينار للمدعيان (سمير احمد عبدالرحيم ومحسن شاكر ياسين) عن شراء مواد زراعية وبيطرية من محله وتحميلك الرسوم المصاريف ونظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بالحكم بالنشر في صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض عليه خلال مدة عشرة ايام اعتبارا من تاريخ اخر نشر وبعكسه سوف يسقط حقك في الاعتراض

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

محكمة بداءة ئاكرى

العدد /٤٣٠/ب/٢٠٢٠

التاريخ /٢٠٢٠/١٠/١

الى / المدعى عليه (انور جادر قادر)

ب/ اعلان

اقام المدعي (مدير مصطفى مصطفى) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلب فيها دفعك للمبلغ المشغول ذمتك بها والبالغ (١٦٦٧٠٠٠) مليون وستمائة وسبعة وستون الف دينار عن قيمة مواد غذائية اشتريتها منه ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قرية (بلى) المرفق بكتاب مركز شرطة بارزان المرقم (٤٢٩) في ٢٠٢٠/٩/٦ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين للحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠٢٠/١٠/٢١ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضي / خالد عثمان يوسف

***

دادگای باری کەسایەتی دیرالوك

ژمارە/٥٢/ش/٢٠٢٠

بەروار/٢٠٢٠/١٠/١٣

ئاگاداری

داواکار (رزگار عبدالقهار توفیق داوالیکراو (راهیل تانیا مارگریتا)

بو/داوالیکراو (راهیل تانیا مارگریتا) جهێ ئاکنجیبونا تە نە دیارە هەڤژینێ تە یێ داواکار ددایا شەرعی یا ژمارە ٥٢/ش/٢٠٢٠ دژی تە تومارکریە کو داخازا پەسندکرنا تەلاقا دەرەکی دکەت دناڤبەرا هەوە دا ل ریکەفتی ٢٠٢٠/١٠/٣ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف رابورتا هەلڤژێرێ ناحیا شیلادزێ نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ریکا دوو روژنامێت نافخویی کو تو ناماەبی ل ڤێ دادگەهێ روژا ٢٠٢٠/١٠/٢٨ ئەگەر نە دێ دادگەە پاشملە داوایا داواکاری لدیف یاسایێ ب ریڤەبەت

دادوەر / ئەڤراز مصطفى طه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /١٠٦٤/ت/ ٢٠١٨

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٩

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پشکین قەرزدار (سمیر منصور هرمز) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکین لخاری دیارکری ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ریڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە

١- ژمارا مولکی (١) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٨) دونم و (٢٢) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٢,٩٥٥,٦٣٢) دوازدە ملیون ونەە سەد وپینچی وپینج هزار وشەش سەد وسیە ودوو دینار

٢- ژمارا مولکی (١٢) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (١١) دونم و (٦) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠) بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠) بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٥,٠٤١,٠٠٠) پینج ملیون وجل وئیك هزار دینار

٣- ژمارا مولکی (٢٦) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٢٩) دونم و (٢٤) اولك کوژمی سەهان (٩١٤,٤٥٧,٦٠٠)بشکا قەرزا ژ سەهان (١٦,٤٢٠,٣٢٠)بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (١٥,٨٦٢,٠٠٠) بازدە ملیون وهەشت سەد وشیست ودوو هزار دینار

٤- ژمارا مولکی (٢٨) کەرتی (٧٤) قشافر الغربیە ل سیمیلی روبەر (٤١) دونم و (٥) اولك کوژمی سەهان (٦٧,٧٣٧,٦٠٠)بشکا قەرزا ژ سەهان (٤٠٣,٢٠٠)بهایی هاتیە دانان بو پشکا قەرزداری (٤,٩٠٤,٥٢٤) جوار ملیون ونەە سەد وجوار هزار وپینج سەد وبیست وجوار دینار

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا: ٧٤/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

جاردان

بۆ داوالێکراو: (نوار خالد طه)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (نهاد ویسو بوطان داوای ژمارە (٧٤/ب/٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای بری (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیون دینار دەکات لەبری کارکردن) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (٥ی حصارۆك (شاری زیلان) بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەنێ لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دابینی رۆژی (٢٠٢٠/١١/١) کاتژمێر (٩:٠٠) سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە دابینی پاشمەلە و ئاشکرا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد ئاغا

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە: ٣٣٣/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٢

جاردان

بۆ داوالێکراو (سالم زینل محمد)

ئامازە بە داوای ژمارە ٣٣٣/ش/٢٠٢٠ کە تایبەتە بە داواکار (اسراء زینل یونس) دادگا لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٧ بڕیاری دا بە (تصدیق طلاق) لەنێوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (اسراء زینل یونس) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریار درا بەپێ راگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆیە تۆماڤی پێداچوونەوەو نارەزایت هەیە لەماوەی ١٠ رۆژدا لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٢٩٩١/ب/٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای بەروە)

داواکار (کاظم لامی الفضلی) داوای ژمارە ٢٩٩١/ب/٢٠١٩/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رویال تاوەر) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دابینی رۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢١ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٣١ /ش/ ٢٠٢٠

ریکەوتی / ١٢ / ١٠ / ٢٠٢٠

راگەهاندن

بو / داوالیکراو : اشواق یاسین عبدالعزاوی

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٣١ /ش/٢٠٢٠) ل روژا (٢٠٢٠/٩/٢٠) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (دلوڤان سعدالله مصطفی) ل ٢٠١٩/٥/٨ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتنڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها بەرایی/ زاخو

ژمارە /٣٠٧/ب/٢٠٢٠

میژوو/ ١٢/ ١٠/ ٢٠٢٠

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (عدلە فخرالدین تمر) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو ناحیا دەرکاری کومەلگەها هیزاوا / گوندێ کەڤن ، جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە .

داواکار (مسلم جواد حسن) داوا ژمارە (٣٠٧/ب/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتیدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە (٢٦٨٦/٣٢) کەرتێ ٩١ جوار زاخو) دکت وژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن دەرکارێ یا ژمارە (١١٨٧) ل ریکەفتی (٢٠٢٠/١٠/١) وهەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ گوندێ هیزاوا کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ئافێ وان دتومارا تاخنێ مەدا هەیە و مالا خوە ژ تاخنێ مە بارکریە ونوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وی نە دیارە وەکو چ پێزانین ل دور نینن)) ، وژبەر نە دیار بینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگەهێ ل رۆژا (٢٠٢٠/١٠/١١) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو رۆژنامە یێن نافخویی ورۆژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل رۆژا دابینیێ رێکەفتی ٢٠٢٠/١٠/٢٦ ل دەمژمێر ٩:٠٠ ێ سپێدێ و بەرۆڤاژی دابینی دێ ب شێوێ یا شملە ئێتە ئەنجام دان ...

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە

ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ

تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری :

٢٠٢٠/٩/٢٢ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٣٤) کەرتی (نصاری) بە ناوی (طائفة الكلدان الكاثوليكية في زاخو) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارایەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەریژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی رۆژی دوای کوتایی هاوی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

٢٠٢٠/١٠/١٢

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە

ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ

تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری

٢٠٢٠/١٠/١٣، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٣٣) کەرتی (نصاری) بە ناوی (طائفة الكلدان الكاثوليكية في زاخو) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارایەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەریژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی رۆژی دوای کوتایی هاوی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

٢٠٢٠/١٠/١٢

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە

ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ

تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەرواری :

٢٠٢٠/٩/٢٢ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٣٤) کەرتی (نصاری) بە ناوی (طائفة الكلدان الكاثوليكية في زاخو) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارایەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەریژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی رۆژی دوای کوتایی هاوی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو رۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

٢٠٢٠/١٠/١٢

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٠٧٦٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رزیستانت RESISTANT) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (رزیستانت RESISTANT) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (کەیفی کامەران صدیق) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (رزیستانت RESISTANT) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - کەسنەزان)

پاکتاوکار/ کەیفی کامەران صدیق

ناونیشان/ هەولێر/ کەسنەزان

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٠٦٧٠٠٧

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (احسان عبدالعزیز احمد رسول) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهنارده / تاك) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / عمران عبدالله محمد

ناڤ ونیشان / دهوك - K.R.O

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٤٦٨٢٣٧

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (MT.ROSE) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / ریبر محمد نظیف

ناڤ ونیشان / دهوك - ماسیك

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٧٢١٢٥

وەزارەتی پێشمەرگە

ئەمیندارییەتی گشتی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان

و کرێباری و چەکدار و کەلوپەلی پێدان کردن

ژمارە: أ – ٤/ ١٠٦

ژمارە: ٥

بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٣

بانگەوازی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠

کەمگەری نهێنی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان ئاگاداری گشت کۆمپانیاکان دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە کەمگەری کراوە بۆ دابین کردنی (ئاردی سفری تورکی کە بەکار دێت بۆ نان و صەمون).

مەرجەکان:

١- کۆمپانیای بەشدار بوو دەبێت بەڵێننامەی دەستنوسی گرێنتی تەندەر پێشکەش بکات (التعهد الخطی الضامن للعطاء) کە پەسندکراو بێت لە دادنووسی وەزارەتی پێشمەرگە.

٢- نرخی فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقیە، کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای براوە.

٤- هێنانی بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت.

٥- گەڕاندنەوەی تەندەر دەبێت لە ناو زەرفێکی داخراو بێت و مۆرکراو بێت.

٦- فرۆشتنی تەندەر دەست پێ دەکات لە رۆژی (٢٠٢٠/١٠/١٥) تاکو (٢٠٢٠/١٠/٢٩) لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان لە (هەولێر – هەولێری نوێ) لەکاتژمێر (٨:٠٠) بەیانی تاکو (٢:٠٠) پاش نیوەڕۆ.

٧- رۆژی کردنەوەی تەندەر لە بەرواری (٢٠٢٠/١١/٣) دەبێت لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان.

٨- دەستەڵاتی گرێبەست پابەند نییە بە کەمترین نرخ لە بەرامبەر کوالیتی و ماوەی جێبەجێکردن.

٩- بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارەی (تەلەفۆنی (٠٧٥١١٨٧٦٠٠٩).

لیوا روکن

رزگار جبار محمد

بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان

بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگای هەولێر
کارگێڕی
ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٣
بۆ/ فەرمانبەر (زکریا احمد عبدالله)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر دابڕانت لە کارەکەت و نەهاتنت بۆ دەوامی فەرمی ئاگاداری بەرێزت دەکەینەوە بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی وە (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانی بگەڕێیتەوە سەرکارەکەت بە پێچەوانەوە کۆتایی بەڕاژەکەت دەهێنرێت بەپێی یاسایی ڕاژەی شارەستانی.
ئەندازیار/ عبدالخالق علی فتح الله
بەڕێوەبەری گواستنەوەی پارێزگای هەولێر
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١
ژمارە: ٤٨١٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٧
ئاگانامە
داواکار/ ڕزگار نوری فرج ناونیشان: سلێمانی داوالەسەرکراو/ باخان کمال احمد ناونیشان نادیارە
داواکار/ ڕزگار نوری فرج داوایەکی بەژمارە (٤٨١٥/ش/٢٠١٩)
لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داواییەدا داتوە بە (پەسەندکردنی طەلاقی دەرەکی) وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروای ٢٠٢٠/١٠/١٩ کاتژمێر ٩:٥٠ی سەر لە بەیانی بەپێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە دەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە/ ٩٢/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٣
جارِدان
بۆ داوالێکراو (لقمان احمد حسن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار معصومە احمد قادر لە داوای ژمارە ٩١/ش/٢٠٢٠ کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٧ لەم دادگایە داوای لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای سەلماندنی ڕەچەلکی منداڵەکەی دەکات بەناوی دیار لەدایکبووی ٢٠٠٦/١/١ لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی براغ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١١/٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە.
دادوەر/ عادل عمر عبدالله
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە/ ٩٢/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٣
جارِدان
بۆ داوالێکراو (لقمان احمد حسن)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار معصومە احمد قادر لە داوای ژمارە ٩٢/ش/٢٠٢٠ کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/٧ داوای لەسەرت تۆمارکردووە دەکات (تفریق لسبب الهجر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گوندی براغ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٢/١٦ بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بڕیکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٨ کاتژمێر (٩/ بەیانی) بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆک/ شوان حبیب صالح
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٢٨/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٣
جارِدان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٤٥٣٠١٣/هەولێر/تایبەت) جۆری (دوج جورفی/استیشن) مۆدێل (٢٠١٦) ڕەنگی (ڕەش) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن محمد حمو) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢٨) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێک دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنداوە بەنرخی (١٢,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.
دادوەری یەکەم/ طارق حسین کریم
***
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٢
ژمارە : ٩٨/ ش / ٢٠٢٠
بەروار : ١٢ / ١٠ / ٢٠٢٠
ئاگانامە
داواکار/ کاروان محمد احمد
داوالەسەرکراو: ژینۆ عبدالله حمه طالب
داواکار (کاروان محمد احمد) داوایەکی بە ژمارە (٩٨/ ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وەلەم داوایە داوای (پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، وە نامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (١٢/٢٢/ ٢٠٢٠) سەعات (٩:٠٠) ی سەر لە بەیانی، بە پێچەوانەوە خۆتان نامادەنەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا ..
دادوەر/ د.طه عمر رشید
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ١١٠١
ریکەوت : ١٣/ ١٠/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی ڕزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (رعنة نامق سالم) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٨١٠) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەک گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ١١٣/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ بکر محمد امین کریم خان و طه محمد شعبان و میرزا بیرو نعمان
دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ١١٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا تاکرێ ب هژمار ٢٠١٩/٩٠ ل سەر مادەێ ٢٤٢ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٠ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکا دادگەها تاوانێن دهۆکێ/١
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ٤٦٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/١٠/٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ سلیمان نایف حسین
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٤٦٩/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا تونوتیرێ دژی ئافرەتا سیمیل ب هژمارە ٢٠١٩/٩٨ ل سەر مادەێ ٣١/٤٠٥ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٥ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ حسین صالح ابراهیم
سەرۆکا دادگەها تاوانێن دهۆکێ/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ٦٩/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ بارزان حسن محمد علي
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٦٩/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابوور ب هژمار ٢٠١٨/٢٨ ل سەر مادەێ ٤٤٣ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ کمیله علی سالم
سەروکا دادگەها تاوانا دهوک/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ٧٣/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ محمد نایگون و ازاد شینگول و هجر ئەرن و امره تان و مروان کونور
دەمێ هوون د تومەتبار ب کێشا ژمارە ٧٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابوور ب هژمار ٢٠١٨/٤٦ ل سەر مادەێ ٤٤١ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا هەوە نەیێ دیارە بریار هاتەدان هوون بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٣ بو دادگەهکرنا هەوە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا هەوە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ کمیله علی سالم
سەروکا دادگەها تاوانا دهوک/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ١٠٣/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/٩/٢٨
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ صادق حجي احمد
ئەوێ ناڤێ دەیکا وی غزاله میرزا
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ١٠٣/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها نەهێلانا گونەهباریا خابوور ب هژمار ٢٠١٨/٢٨ ل سەر مادەێ ٤٤٣ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٣ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ کمیله علی سالم
سەروکا دادگەها تاوانا دهوک/دوو
***
دادگەها تاوانێن دهۆکێ/٢
ژمارە/ ٣٨٥/ج/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/ ٢٠٢٠/١٠/٧
ئاگەهداری
بۆ تومەتبارێ ڕەڤی/ عبدالعزیز فرید رجب
دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٨٥/ج/٢٠٢٠ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن نوروز ب هژمارە ٢٠١٩/٥٤٥ ل سەر مادەێ ٤٣٠ ژ یاسا سزا ژ بەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە نەیێ دیارە بریار هاتەدان تو بهێنە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو ڕوژنامێن ناڤخویی دا نامادەبی بەرامبەر قێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژل ٢٠٢٠/١٢/١٤ بو دادگەهکرنا تە و بەرۆڤاژی قێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ کمیله علی سالم
سەروکا دادگەها تاوانا دهوک/دوو
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٣
ژمارەی داوا: ٩٤٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٣١/٨/٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: میزان علی وهاب علی
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لەیاسای نشینگە بیانیەکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢١/١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان نامادەبیت یان خۆت بگەیینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ نامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەرەش/ کارگێری
ژمارە/ ٦٢٢/٣١٩
میژوو/ ٢٠٢٠/١٠/١٣
بۆ / فەرمانبەر عزیز ابلحد عزیز
بەناونیشانی ئەندازیار
ب/ ناگادارکردنەوە
ل دیف ئەو دەستهەلاتێن بۆ مە هاتیە دان ب فەرمانا کارگێری یا ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهۆك ژمارە ١٥٣/٣٠٠ ل ٢٠٢٠/١/١٢ دەستهەلاتێن کارگێری برگە ٦ ئاگەهداریا هەوە دکەین کو مۆلەتا وە یا ٥ سال بێ موچە ب دومایک هاتیە ل بەروارێ ٢٠٢٠/١٠/٧ و هەوە دەست ب کارێ خو نەکریە لەوما ئاگەهداریا هەوە دەکەین کو ل ماوێ ٧ ڕوژ ئەگەر ل ناف وەلاتینە و ل ماوێ ٣٠ ڕوژ ئەگەر ژ دەرڤەی وەلاتینە هەر ژ ڕێکەفتا بەلاڤبونا ئەڤ ئاگەهداریە ل ڕوژناما فەرمی پەیوەندی ب جهێ کارێ خو بکەن، بەرۆڤاژی دێ ڕێکارێن یاسایی بەرامبەر هەوە هێتە گرتن.
ئەندازیار/ عمر میکائیل سلیم
سەرۆکێ باژێرڤانیا بەردەرەش
***

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Drilling Supervisor-12-month fixed term
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

The Senior Drilling Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

For further details on the job responsibilities please visit our website

Required Qualifications & Experience:

- 20 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of 10 years as Drilling Supervisor.
- A valid IWCF Certificate.
- H2S Awareness Training and Certification
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Technical Coordinator
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key Responsibilities:

Support Asset Manager and internal stakeholders in project planning and execution.
Assist with developing and maintaining project schedule.
Setup and maintain budget and expenditure tracking under the guidance of Asset Manager.
Coordination of Special Projects.
Assist with directing Supply Chain & Logistics aspects of projects.
Coordinate document delivery, updates, filing and implement other control systems.
Maintain project contracts and documentation for sub-consultants, contractors, and vendors.
Maintain a document register for the JOA & PSC, recording emails and documents sent and received.
Assist Asset Manager in coordinating strategic and operational meetings and follow up with meeting notes. Meeting minutes for Partner and Government meetings.
Develop and publish approved communications to project stakeholders, including project plans, and project status reports.
Schedule project meetings with internal and external stakeholders.
Work with Asset Manager to develop presentations and written correspondence.
Technical writing.


Required Qualifications & Experience:

Engineering or Science Degree.
> 20 years of extensive experience in the oil and gas businesses in field, technical and management roles.
Extensive understanding and knowledge of Supply Chain and Logistics.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



هونەرمەند هندرێن خۆشناو:
لەڕێی نیگار کێشانەوە دەتوانم خۆم بم و کەس هەژموونی خۆی بەسەرمدا نەسەپێنێت

حەزدەکەم شێوازی نوێ لە هونەری شێوەکاریدا تاقی بکەنەوە



دیمانە: هێمن ئاری

هونەرمەند هندرێن خۆشناو ، خاوەن فلچە و ئەندێشەیەکی جوانە لەهونەری شێوەکاری و دەستێکی ڕەنگینیشی لەهونەری کاریکاتێردا هەیە. ئەو لەدیمانە یەکی ڕۆژنامەی خەباتدا باس لەئەزموون و کارکردنی خۆی لەم بوارەدا دەکات و بەشێوەیەکی گشتیش لەبارەی بایەخ و جوانی هونەرەکەی دەدوێت ، لەدیوەکەی تریش باس لەبایەخ نەدانی بواری هونەر دەکات لەکوردستاندا.

کاریکاتێر هونەری وروژاندنی ڕای گشتییە و خەڵك بەئاگا دێنێتەوە، هونەری فشار خستنە سەر بەرپرسانە

(هونەر منی هەڵبژارد)

هندرێن خۆشناو لەبارەی هەڵبژاردنی هونەری شێوەکاری گوتی: نامەوێت وەکو هونەرمەندانی تر بڵێم، هونەر ژیانمە و هونەر هەوا و هەناسەمەو .... وابزانم من هونەری شێوەکاریم هەڵنەبژارد،بەڵکۆ ئەو منی هەڵبژارد، هونەر بەهەموو بەشەکانیەوە پێش هەموو شتێك بەهرەیە، ئەگەر ئەو بەهرەیەت پێنەبخشرابێت، چۆن دەتوانی هونەر هەڵبژێریت؟ ئەگەر وەك پیشەیەکیش هەڵبژێریت، ئەوا هونەرمەندێکی سەرنەکەوتوو دەردەچیت، ئەوانەش نمونەیان گەلێك زۆرە بەداخەوە، مامۆستاکانم هەر لەمندالێیەوە وایان لێکردم کە هەست بکەم بەهرەیەکم هەیە،ئەمەش وایلێکردم بەردەوام بم، لەڕێی نیگارکێشانەوە دەتوانم خۆم بم و کەس هەژموونی خۆی بەسەرمدا نەسەپێنێت، لەڕێی نیگارەوە دەتوانم دەربڕی بەرزی بیرکردنەوە و بااڵیی هەڵسوکەوت و ئیتیك بم، لەڕێی ئەم هونەرەوە دەتوانم بیمە نوێنەری گەل و نەتەوەکەم لە نێو گەلانی دیکەدا، دژی چەوسانەوە و توندڕەویی و رق و کینە بم.

(چیس و پێشانگا)

لەبارەی هونەری شێوەکاری لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی دیکەی هونەر دەڵێت: بەداخەوە بەشێوەیەکی گشتی نەك لەهونەر لەهەموو بوارەکانی ژیان، هەست بە بایەخنەدان و نادادپەروەرییەك دەکەین، بایەخدانێك کە لەئاستی پێویست نییە، هونەری شێوەکاریش لەبەرئەوەی هونەرێکی تاکە کەسیە، بۆیە پێویستە بواری بۆ بڕەخسێت و بایەخی پێبدرێت و پێداویستی بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو ئێمە، کە هونەر هونەرمەند ناژیێنێت، بۆیە زۆربەی هونەرمەندان یان هەر هەموویان، یان کارمەندن لەدەزگاکانی حکومەت، یان ئیش و کارێکی دیکە دەکەن، تاکە گەلەرییەك لە هەولێری پایتەخت هەیە بۆ پێشانگاکان، ئەویش وەکو پێویست نییە، جێگای پێشانگایەکی هاوبەشی گەورەی تێدا نابێتەوە و بچوکە، هونەرمەندی شێوەکار تابلۆکانی ناکۆدرێت، و پێشانگایەك دەکرێتەوە زۆربەی کەنااڵکانی ڕاگەیاندن بایەخی پێنادەن و ئامادەنابن، ریکلامێك بۆ پێشانگایەك ناکرێت، هەروەك چۆن ڕێکلام بۆ چپسێکی ئێکسپایەر دەکرێت...هتد.



سەبارەت بەو پێشانگایانەی بەشداری تێداکردووە، گوتی: ئەوەندەی لیبرم مابێت و یاداشتم کردبێت، لە بواری شێوەکاری دوو پێشانگای تایبەتی شێوەکاریم کردۆتەوە، لە شەش پێشانگای هاوبەشیش بەشداریم کردووە، لە بواری کاریکاتێریشەوە، سێ پێشانگای تایبەت و لە زیاتر لە بیست پێشانگای هاوبەشیش بەشداریم کردووە لە کوردستاندا، لە زیاتر لەحەفتا پێشانگا و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیش بەشداریم کردووە، لەبواری فۆتۆگرافیشەوە لە زیاتر لەحەوت پێشانگای هاوبەشی ناوخۆ و دەرەوە بەشداریم کردووە.

(نوێخوازی لەشێوەکاریدا)

لەبارەی سروشت و جوانی دیمەنەکانی کوردستان و بایەخ پێدانیان لە تابلۆکانیدا هونەرمەندی شێوەکار هندرێن خۆشناو گوتی: پێموایە دەبێت هەر شێوەکارێك بەم قۆناغە کلاسیکیانەدا بڕوات و کاربکات، منیش هەروا، بەاڵم لەم چەند ساڵەی رابردوودا زیاتر حەزم لەوە بووە کە شێوازی نوێ تاقیبکەمەوە و گۆڕانکاری بکەم و لە شێوازە سەردەمیەکاندا کاربکەم، حەزم لەوە بووە بابەتێك باس بکەم یان پەیامێك بگەیەنم لەڕێگای نیگارەوە، بۆیە زیاتر لە شێوازەکانی دەربڕینخوازی و نوێخوازیدا کارم کردووە.

(ڕەنگ و ئاماژەکان)

هەروەها ئاماژەی بە تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا لەتابلۆکانیداو گوتی: هەر ڕەنگێك مانا و ئاماژەی خۆی هەیە و بەپێی ناوچە و کۆمەڵگاکانیش دەگۆڕێت و کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر هەست و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، سیمبولیزمی ڕەنگەکان کە تا ئێستا توێژینەوەی بەردەوامی لەسەر دەکرێت، ئەوە دەردەخات کە هەر ڕەنگێك لەوانەیە چەندین ئاماژە و مانا ببەخشن، بۆ نمونە ڕەنگی سوور بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکاردێت، هەروەها وەك دەربڕینی مەترسی و ئاگادارکردنەوەش بەکاردێت، ڕەنگی سپی کە مانای خاوێنی و بێگەردی و ئاشتی دەبەخشێت، لەاليەکی دیکەوەش مانای مردن و جیابوونەوەش دەدات، تێکەڵکردنی ڕەنگەکانیش ڕەنگی دیکەیان لێ پەیدادەبێت بە مانا و ئاماژەی نوێوە، گرنگ ئەوەی ڕەنگەکان بە شێوەیەکی هارمۆنی جوان پڕ لە مانا بەکاربێن بۆ بەرهەمهێنانی تابلۆیەکی سەرکەوتوو.


(کاریکاتێر لەکوردستان)

هونەری کاریکاتێر بەشێکی دیکەی لەکارەنی هندرێن خۆشناوی شێوەکار،لەبارەی بایەخی ئەم هونەرە لەکوردستان دەڵێت: بەداخەوە وەك پێویست نییە، لە دوای ڕاپەڕین هونەری کاریکاتێر (کارتۆن) پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ هاتنەکایەی ئازادییەکی بەرچاو و زۆری بڵاوکراوەکان، و وەشانی چەندین گۆڤاری کاریکاتێری و ڕەخنە وەکو (سیخورمە) و(مەاڵمەشهور)و(دەهۆڵ تایمز) و(تەنزوێنە)و(گەپ) بەداخەوە ساڵانێکە هەر هەمووی وەستاون، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بە شێوەیەکی گشتی کاریکاتێر بڵاوناکەنەوە و بایەخی پێنادەن، هونەری کاریکاتێریش ئەگەر ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوە نەبێت کپ دەبێتەوە سیس دەبێت و گەشەناکات، چونکە راستە کاریکاتێر هونەرێکی شێوەکارییە، لە هەمان کاتدا هونەرێکی ڕۆژنامەوانیشە.



(کاریکاتێر و هونەری زیندوو)

هندرێن خۆشناو لەبارەی جیاوازی نێوان هونەری کاریکاتێر و شێوازەکانی دیکەی هونەری شێوەکاری دەڵێت: جیاوازییەکی زۆر هەیە، گوتەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێت: هەموو کاریکاتێریستێك دەبێت شێوەکاربێت، بەاڵم هەموو شێوەکارێك ناتوانێت ببێتە کاریکاتێریست، کاریکاتێر (کارتۆن) هونەرێکی زیندووە، هونەری ڕەخنە و گاڵتەجاڕییە، زمانحاڵی گەل و میللەتە، لەبەریەککەوتن و کارلێکردنی بەردەوامدایە لەگەڵ بینەر، هونەری زەقکردنەوەی دیاردە دزێوەکان و کەموکوڕییەکان و خستنەبەرچاوی خەڵکە، کاریکاتێر هونەری وروژاندنی ڕای گشتییە، هونەری شەرمەزارکردنی کەسایەتی گەندەڵ و خواروخێچە، هونەرێکی ئێسك سووکە، خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی تێبیدەگەن، هونەرێکە چەندین ئەرك و فەرمانی گرنگ جێبەجێ دەکات و چەندین سیفەتی تر، کە شێوازەکانی دیکەی شێوەکاری، ئەو سیفەت و توانایەیان نییە. لەبارەی ئەوەی **هونەری کاریکاتێر تا چەند دەتوانێت کێشەی کۆمەڵگا چارەسەربکات؟ هندرێن گوتی:** کاریکاتێر (کارتۆن) لایەنی دەسەاڵتدار نییە، هەتا کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکات، بەڵکو کاریکاتێر زمانحاڵی خەڵکە، کێشەکانی کۆمەڵگا دەخاتەبەرچاو و زەقیان دەکاتەوە، لە پێشانگاکان و لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا، ڕای گشتی دەوروژێنێت، خەڵکی بەئاگادێنێتەوە، ئەو کێشانە نەك لە ناوەخۆدا، بەڵکو لە جیهانی دەرەوەش بە خەڵکی ئاشنادەکات، کاریکاتێر هونەری فشارخستنە سەر بەرپرسانە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا دیموکرات و پێشکەوتووەکاندا، بەاڵم لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و دیکتاتۆرییەکان، ئەو توانایەی تا ڕادەیەکی زۆر پوك دەبێتەوە.




(شێوازی پۆپ ئارتی ئەندۆنیسیایی)

سەبارەت بەوەی لە هونەری شێوەکاری بەڕێزتان شێوازێکی تازەتان هەڵبژاردووە، دەکرێت باسێکی ئەم شێوازەمان بۆ بکەیت چۆنە؟ لەوەاڵمی ئەو پرسیارەش گوتی: ئەو شێوازە نوێیە، شێوازێکی تایبەتە لە شێوازەکانی پۆپ ئارت، کە بە پۆپ ئارتی ئەندۆنیسیایی دەناسرێت، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لەوێ سەریهەڵداوە، ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لە وڵاتانی جیهانیشدا ناسراوە، بەاڵم زۆر باڵوونییە و چەندین یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، من لە ڕێگای چەند برادەرێکی هونەرمەندی ئەندۆنیسیایی ئاشنای ئەو هونەرە نوێیە بووم، پێم باش بوو کە منیش تاقیبکەمەوە، ئەوانیش هانیاندام و پشتگیریان کردم، لە ساڵی 2013 بەم شێوازە کارەکەم، و کارەکانم لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت باڵوکردۆتەوە.دەڵێت: لەڕێی بەردەوام تاقیکردنەوەی شێوازی نوێ و سەردەمیانە، دەمەوێ ئەوە بگەیەنم کە هونەرمەند دەبێت بەردەوام لە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە بێت، نەك بە دڕێژایی تەمەنی هەر بە تاکە ستایلێك کاربکات، کە لەوانەیە تووشی بێزاری بکات، دەمەوێ ئەوە بگەیەنم کە هونەرمەند دەبێت ئاگاداری پێشکەوتنی هونەر بێت لە جیهاندا، و شانبەشانی هونەرمەندانی جیهان پێشبکەوێت، دەمەوێت ئەوە بگەیەنم، کە ئێمەش دەتوانین وەکو هونەرمەندانی جیهان لە شێوازە جیاجیاکانی هونەردا کاربکەین، و بەرهەمەکانمان بااڵبکەینەوە، دەمەوێ ئەو بڵێم کە دەتوانین لە ڕێی هونەرەوە ڕێز لە کەسایەتیە دڵسۆزەکانمان بگرین و لە ئەرشیفی هونەرەوە جێگایەکی شایستەیان بۆ دەستنیشان بکەین.

(پێشانگایەکی پۆرتریتی)

سەبارەت بەو پرسیارەی لە پێشانگایەکی پۆرتریتی کەسایەتییەکانی کوردستانت کردەوە، هەڵبژاردنیان لەسەر چ پێوەرێك بوو؟ هندرێن خۆشناو دەڵێت: هەڵبژاردنی هەندێکیان لەبەرئەوە بووە کە کۆچیانکردووە و ساڵانێکی زۆر لە بواری خۆیان خزمەتیان کردووە و جێ پەنجەیان دیاربووە، منیش حەزم کردووە یادیان بکەمەوە و ڕێزیان لێبنێم، هەندێکیان مامۆستامان و بە تەمەن گەورەن، ئەوانیش خزمەتێکی زۆریان کردووە، منیش حەزمکردووە ڕێزلێنان و پێزانینی خۆمانیان پێبگەیەنم و دڵیان خۆش بکەم، هەندێکیشیان بەسایەی برادەرایەتی بەخۆیان ئەو شێوازە نوێیەیان بەدڵ بووە و داوایان کردووە کە پۆرترێتیان بۆ بکێشم، منیش دڵم نەشکاندوون، ئەوەبوو کە ئەو کۆمەڵە پۆرترێتە هاتنەبەرهەم، کە ساڵانێکە ئامادەبوون بۆ پێشانگا، بەاڵم لەبەرچەندین هۆی مادەی و بابەتی نەدەڕەخسا و دواکەوت تا ئێستا.





- خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی

لە راگەیەندراوێکدا کە لەلایەن لیژنەی نۆبڵ-ی نەرویجەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە بەهۆی هەوڵەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی برسێتیی و ئەو هاوکاریەی پێشکەشی کردووە بۆ باشکردنی هەلومەرجەکانی ئاشتیی لەو ناوچانەی شەڕ و پێکدادان کاریگەری لەسەریان هەبووە، بەرنامەی خۆراکی



جیهانی WFP بە شایستە دانراوە بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.لە راگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە بەرنامەی خۆراکی جیهانیی گەورەترین رێکخراوی هاریکاری مرۆیی جیهانە کە بەرەنگاری برسێتیی دەبێتەوە و هانی ئاسایشی خۆراك دەدات کە لە ساڵی 2019 دا، هاوکاری مرۆیی بۆ نزیکەی 100 ملیۆن کەس دەستەبەر کردووە کە لە 88 وڵاتدا ببوونە قوربانیی نەبوونی ئاسایشی خۆراکی و برسێتیی.

- یەکەم خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی 1901دا دابەش کرا



خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی لەلایەن هونەرمەندی سویدی، گوستاف ئیگلاند-ەوە دیزاینکراوە.لەسەر خەڵاتەکە بە زمانی لاتینی نووسراوە (Pro pace et fraternitate gen-tium) واتا «لە پێناو ئاشتیی و برایەتی مرۆڤایەتییدا».

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ بواری پزیشکیی

ئەو کەسایەتیانەی دیکە کە خەڵاتەکانی نۆبڵ-یان بەدەستهێناوە هارڤی جەی. ئالتەر (ڤایرۆسناسی ئەمریکی) و چارلز ئیم. رایس (ڤایرۆسناسی ئەمریکی) بە هۆی ئەو هاوکاریانەی پێشکەشیان کردووە لەبواری دۆزینەوە نەخۆشیەکانی جگەر خەڵاتەکەیان بەدەستهێنا.

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی

ئەندازیاری سویدی بواری کیمیا، ئەلفرێد نۆبڵ لە ساڵی 1895دا، واتا ساڵێك پێش مردنی لە دواییین وەسێتیدا داوای کرد هەموو ساڵێك لە بوارەکانی فیزیا، کیمیا، پزیشك، ئەدەب و ئاشتییدا خەڵاتێك بدرێتە ئەو تۆژەرانەی هاوکاری گەورە پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەن.

- کاندیدەکان چۆن دیاری دەکرێن؟

ئەندامانی لیژنەی نۆبڵی نەرویج و لیژنەی نۆبڵی ئەکادیمی زانستی شاهانەی سوید کە هەریەکێکیان بۆ بواریك هەڵدەژێردرێن، کاندیدەکان دیاری دەکەن.





لە ئەنجامی ئەو دەنگدانەی ئەندامانی ئەکادیمیەکە ئەنجامی دەدەن ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنێت دەبێتە خاوەنی خەڵاتەکە.

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ فیزیا



رۆجەر پێنرۆس (زانای فیزیای بەریتانی)، راینهارد گێنزەل (فیزیای ئەستێرەناسی ئەڵمانی) و ئاندریا گێز (ئەستێرەناسی ئەمریکی) بەهۆی کارەکانیان کە هاوکار بووە لە دۆزینەوەی کونە رەشەکان بە شایستە دانراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ کیمیا



ئەمانوێل شارپنتیە (زانای فەرەنسی لە بواری زانستی زیندەوەری) و جێنیفەر دۆدنا (زانای ئەمریکی لە بواری زانستی کیمیای زیندەوەر) بەهۆی ئەو بەرەوپێشبردنەی لە دووبارە پێکەوە بەستنەوەی شریتەکانی DNA ئەنجامیان داوە، خەڵاتی نۆبڵ-یان لە بواری کیمیادا پێبەخشرا.

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ بواری ئەدەب

لویز گلوك (شاعیری ئەمریکی) تەمەن 77ساڵان، بەهۆی بوونی زمانی رەوان، ژیانی خێزانی، پەیوەندی نێوان دایك و باوك و خوشك و برا لە هۆنراوەکانیدا بە شایستەی خەڵاتەکە دانرا.

- خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی



ئیسرائیل لەدەریای سپی ناوەراستەوە بەرەو کەندەلی فارس



عەدنان فاخیر

پێشینان گوتوویانە (جوو و جۆت، کرماج و خانۆت، عەرەب و رێواس، پاییز و کەنگر ماستە... لە ئێستای سیاسەتدا دەکرێ «ئیسرائیل و کەناوی فارس» بۆ ئەم پەندە کوردیانە زیاد بکەین) ، چونکە رەنگە ئیسرائیل لە خەونیشدا نەیدیتبێت بەو ئازادی و ئاساییەوە لەکەندەلی فارس و عەرەبدا مەلەوانی بکات، هێندە نەگونجاو بووە...

لەم پێوەندییەدا ئێمەی کوردی باشوور لەوەتەی دەوڵەتی عێراق دروست بووە بەشێك بووینە لە دەوڵەتی عێراق و نیشتمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەبیش بەدرێژایی مێژووی پێش جەنگی جیهانی یەکەم و دواتریش هەمیشە لە نێوان چەکوچی عوسمانی و سندانی فارسدا کوتراو و وردوو خاش کراوین .. دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەرەرای دروست کردنی چەندین دەوڵەتی عەرەبی دیسان کەوتنەوە ناو قەڵەمرەوی ئینگلیز و فەرەنسا، بەڵام لەترس و هەژموونی تورك و فارس هەر قورتار نەبووینە ..ئینجا دوای جەنگی جیهانی دووەم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و جەنگی شەش رۆژەی عەرەب ئیسرائیل و دریژەکێشانی کێشەی فەلەستینییەکان و ئیسرائیل سەرەنجام عەرەبەکان لە کەنداوەوە تا سەر دەریای ناوەراست و تا دەروازەی جەبەل تاریق لەنێوان فارس و ئیسرائیلدا ئیسرائیلیان هەڵبژارد ...کەواتە عەرەبەکان وەکو گیسکی هەیاس هەمیشە گورگێکیان هەبووە لە ترسان لە کولە مەرگیدا ژیاون ...تا ئێرە بەرای من وێچواندنێکی لۆژیکی و بە بژاردەی ئێستاشیانەوە رەنگە مەنتقێکی عەقڵانی بێ، بەڵام ئێستا ئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی بەهێز لە (شەرقی ئەدنا) وە لە چوار چێوەی رێکەوتنێکی بەهێزدا خۆی گەیاندە گەرماوی کەنداو و دەبێتە جیرانی دوژمنە ئەزەلیەکەی (ئێران*)، جاوەرە ئەم ..... لەم قۆرە دەرباز کەا. ئەم دوو هێزە لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە لەیەکتریان دەخوێند و چەنکۆلی شەری یەکتریان دەکرد، ئەدی ئەگەر ئیسرائیل بەپشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتە عەرەبەکان لەکەنداوی فارسی بوونێکی بەهێزی هەبێ دەبێ ئێران کاردانەوەی چی بێ؟، کاردانەوەی ئێران هەرچییەك بێ بە هەموو پێوەرەکان ئەم رێککەوتنەی عەرەب ئیسرائیل کە ئەمریکا راستەوخۆ پشتیوان و سەرپەرشیاری دەکا رەهەندی هەمەجۆرو لێکەوتە و پێدراوی دوور و نزیك و گەورە و بچووکی دەبێ ...هێندەی لە چاودێرە سیاسییەکانرا دیارە لەنێوان هەردوو لایەنی رێککەوتنەکەدا چەندین خاڵی هاوبەش هەن دەکرێ ئامازە بە هەندێکیان بکەین، وەك: تێکشکاندنی هیلالی شیعی - کۆنترۆڵ کردنی بازاری نەوت- فرۆشتنی کەرەستەی سەربازی لەو ناوچەیە - دۆزینەوەی کانگای هێز و (تەیار) ە تونەرەوە ئیسلامییەکان - فراوان کردنی قەڵەمرەوی ئابووری و سیاسی لە کەنداوی عەرەبییەوە بەرەو ئۆقیانووسی هندی و ئینجا بەرەو رکابەرە ئابووریيە بەهێزەکەی ئەمریکا کە (چین)ی زەبەلاحە... بۆ ئێمەی کوردیش مادام هێشتا بەشێکین لەدەوڵەتە کەنداوییەکانی ئێران و عێراق خۆش و ناخۆش بەشدارین لەو رووداو و بەسەرهاتانەی ناوچەکە. بەرای من بۆ ئێمەی کورد کەم یا زۆر هەر گۆرانێك بە زیانی دەوڵەتە سەنترالییەکانی ئەم ناوچەیەدا بێ لە قازانجی کورد دەبێ.. چۆن تا بزووتنەوەی کورد لاواز و بێدەنگ بێ، عەرەب و تورك و فارس لەخەم رەخساو تێر دەخۆن و دەچنە خەوێکی گران و ئارامەوە.

مانشێت

دۆیچە ڤیللە:



بەهۆی ژەهرخواردکردنی ناڤالنی نوێنەری باڵی ئۆپۆزسیۆن، یەکێتی ئەورووپا ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی کۆمەڵێك سزا بەسەر رووسیادا بسەپێنێ.

ئێندیپێندێنت:



تا ئەمڕۆ زیاتر لە 10 ملیۆن ئەمەریکی لە رێگەی پۆستی ئەلیکترۆنی یان دەنگدانی پێشوەخت دەنگیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی وڵاتەکەیان داوە.

ئۆبزێرڤەر:



حکومەتی نەمسا سەبارەت بە بوونی گەندەڵی لە 211 ئەنجومەن و رێکخراوی ناحکومی تورکی کردووە کە لەو وڵاتە کار دەکەن.

یۆرۆ نیوز:



ئازەربایجان سوپای ئەرمینیای بە پێشێلکردنی ئاگربەست تۆمەتبار کرد و ئەرمینیاش رایگەیاند ئەوان دژی هەڵمەتی جینۆسایدە وەستاونەتەوە.

رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:



ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسی کورۆنا لە سەرتاسەری جیهان 37 ملیۆن کەسی تێپەڕ کرد.


فرانس 24:



بە تۆمەتی سیخوڕیکردن ، رووسیا و بولگاریا ژمارەیەك کەسی دیپلۆماتکاری یەکتریان لە وڵاتانیان دەرکرد.

پاڵەوانەکەی جیهان لە یاری دامە بۆ خەبات دەدوێ

ماریا: بەختەوەرم کە توانیمان ناسناوی ئەورووپا و جیهان بەدەست بهێنین







دیمانە: هاوار مورتکەیی

دامە ئەو یارییەیە کە لەزۆربەی وڵاتان ئەنجام دەدرێت و لەنێو کوردیشدا یەکیکە لەو یارییە زیندوانەی کە تا ئەمڕۆ دەکرێت، ئەوەی لە کوردستان دەکرێت بڕ خۆشی و جۆرێک لەکات بەسەربردنە، بەڵام لە جیهان بەشێوەیەکی دیکە سەیر دەکرێت و پاڵەوانێتی جیهانی بۆ رێکدەخرێت و خەڵات و بڕوانامەی بەرزی هەیە، هەڵبژاردەی مۆلدۆڤیا لەسەر ئاستی ئەورووپا و جیهان چەندین جار ناسناوەکەیان لە دامە بردۆتەوە، یەکێک لە ئەندامانی هەڵبژاردەی مۆلدۆڤیاش خاتوو ماریا گیدارزیە کە لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات ئەم دیانەیەی لەگەڵ ئەنجامدا.

پاڵەوانی ئەورووپا

ماریا کە لە ساڵی 1982 لە وڵاتی مۆلدۆڤیا لەدایک بووە دەڵێت: سەرەتا باوکم فێری یاری دامەی کردم، لەمندالییەوە یاریمان بەیەکەوە دەکرد، کاتێک تەمەن بووە 7 ساڵان منی بردە پێشبڕکییەکانی ئەو یارییە و هەر زوو لەتەمەنی 12 ساڵیدا توانیم بڕوانامەی CCMی دامە بەدەست بهێنم، دواتر لە سەر ئاستی وڵاتەکەم چەند جارێک پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، دواتر لە ساڵی 2011 توانیم لەسەر ئاستی ئەورووپاش پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، ئەمە وای لێکردم کە زیاتر بایەخ بەم یارییە بدەم و لە راهێنانەکان بەردەوام بم و ئاستی خۆم زیاتر پێش بخەم.

ناسناوی جیهانی

ماریا زیاتر دەڵێت: دوای ئەوەی ئاستم زیاتر پێشکەوت لە ریزی هەڵبژاردەی مۆلدۆڤیا وەرگیرام و لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کە یاریم بۆ کردن، توانیمان دەسکەوتێکی گەورە بەدەست بهینین ئەویش بردنەوەی ناسناوی پاڵەوانێتی جیهانی بوو، دواتریش بڕوانامەی FMJDم بەدەستهێنا و پیم وایە دامە وەک ئارەزوویەکی خۆم یاری دەکەم، تام و چێژی زۆری لیوەردەگرم، ئەگەرچی دامە کاتێکی زۆرت لێدەکوژێت و کۆششی دەوێت بەڵام ناتوانم دەستبەرداری بم.

ئەمڕۆ چیک بەبێ راهێنەر رووبەڕووی سکۆتلەندا دەبێتەوە

ئەمڕۆ هەڵبژاردەی چیک لەمیانی یارییەکانی خولی ئەورووپا بەبێ راهێنەرەکەی رووبەڕووی هەڵبژاردەی سکۆتلەندا دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرناوە.

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی چیک لە همان پاڵەوانێتی لە هەڵبژاردەی ئیسرائیلی بردەوە، پشکنین بۆ ئەندامانی ئەو هەڵبژاردەیە ئەنجامدرا و دەرکەوت کە شیلهاڤی راهێنەر و یەکیک لە یاریزانەکانی هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن و بەمەش ناتوانن لە یارییەکەی ئەمڕۆیان ئامادەبن.

هەڵبژاردەی چیک لە راگەیەندراوێکدا ئەمەی پشت راستکردەوە و ناماژەی بەوەداوە کە هەڵبژاردەکەیان دوێنێ بەبێ راهێنەر بەرەو سکۆتلەندا بەڕێکەوتوون و بێری هیتری یاریدەدەری ئەرکی راهێنەرەکەی دەگرێتە ئەستۆ.





لیبرۆن جیمس: هێشتا زۆرم ماوە

لیبرۆن جیمس، ئەفسانەی تۆپی باسکەی یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز، دوای بردنەوەی نازناوی خولی باسکەی ئەمریکا NBA،لێدوانی بۆ دەزگانی راگەیاندن دا و گوتی: گرنگ نییە پێشتر چیم بەدەستهێناوە، هێشتا هەندێ گومان یان بەراوردکردنم بە مێژووی ئەو یارییەدا ماوە، بۆیە بەخۆم دەڵێم، ئایا هیچ شتێکت ماوە بیسەلمێنیت؟ ئەمەو لیبرۆن جیمس، دەیەم جارە بەشداریی لە زنجیرە یارییەکانی کۆتاییدا دەکات، کە نۆ جار لە دواییین دەساڵدا بووە، تەنیا بیل راسیل و سام جۆنز، یاریزانانی سیلتکس، زیاتر لەو بەشداریان لە یاری کۆتاییدا کردووە، ئەوەش لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بوو. هەروەها جیمس، هەشت جاری لەدوای یەک لە یاری کۆتایی بەشدار بووە، لەوانە چوار جار لەگەڵ میامی و چوار جاریش لەگەڵ کیلفلاند کافالییرز بووە. لیبرۆن لە دریژەی لێدوانەکانیدا گوتی: لام وایە لەسەر ئاستی کەسیی، ئەگەر شتێك مابێت بیسەلێنم، زیاتر هانم دەدات، پاش پێکانەکەم لەدواییین ساڵ و نیودا، زۆر هانی دام. جیمس بۆ رەخنەگرانی سەلماند، ئەوان هەڵە بوون، کاتێک لە تەمەنی 35 ساڵیدا، لەسەرووی لیستی پاسەدران یەکلایی کەرەوەی NBA هات. لەلایەکی دیکەوە، ئەنتۆنی دیڤیز، هاوتیپی لیبرۆن وتی: کاتێک پیاوێکت لەگەڵ دەبێت کە لە ماوەی 10 ساڵی دواییدا 9 جار بەشداریی لە یاری کۆتاییدا کردبێت، ئەستەمە باوەڕت پێی نەبێت. هەروەها فرانک فوگل، راهێنەر لیکەرز وتی: ئەو کاپتن و پێشەوای یاریزانەکانمانە و پەرە بە ئاستی تیپەکەش دەدات، بۆیە کەس ناتوانێت لە بەهای ئەو کەم بکاتەوە. شیاوی باسکردنە، وەزری NBA بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لە مانگی ئادار وەستێندرا و پاش چوار مانگ دەستی پێ کرایەوە، ئەویش بە بەڕێوەچوونی هەموو یارییەکان لە شاری ئۆرلاندۆ و بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر، لەمبارەیەوە جیمس گوتی: شتێکی پڕ لەهەڤرکی و ئەستەمی بوو، بە مێشك و جەستەت یاری بکەیت، لەهەندێ شت دوور کەوتمەوە، کە لەسەر کردنیان راهاتبووم، بۆ ئەوەی بگەم بەو ئاستی پیشگەرییەی کە پێی گەیشتووم، ئەوەش بەربەستی پێش گەیشتن بە گەورەترین دەستکەوتی ژیانم بوو. لیبرۆن لە کۆتاییدا پەیامێکی بڵاو کردەوە وتی: هێشتا زۆرم ماوە پێشکەشی بکەم و کاروانەکەم نەوستاوە.

ڕەمزی میرەکانی



مان سیتی بۆندی گواردیۆلا و دیبرۆین نوێدەکاتەوە

یانەی مانچێستەر سیتی هەنگاوێکی کەمی ماوە نوێکردنەوەی گرێبەستی کیڤن دیبرۆین، ئەستێرەی یانەکەی رابگەیێنێت و مووچەی یاریزانەکەش بەرزدەکرێتەوە.

بەپێی هەواڵی میدیای بەریتانیا، مانچێستەر سیتی دەیەوێت بۆ ماوەیەکی درێژ پارێزگاری لە ئەستێرە بەلجیکییەکە بکات و گرێبەستەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ نوێبکاتەوە. رۆژنامەی تایمزی بەریتانی رایگەیاند، مان سیتی پلانی هەیە گرێبەستی دیبرۆین بۆ ساڵی دیکە درێژبکاتەوە، کە لە هاوینی 2023 گرێبەستی ئێستای تەواودەبێت، بۆ ئەوەش یانەکە ئامادەیە هەفتانە 300 هەزار پاوەند وەك مووچە بداتە ئەو یاریزانە.

لەلایەکی دیکەوە، کارگێڕیی یانە ئینگلیزییەکە کار دەکات بۆ ئەوەی گرێبەستی پێپ گواردیۆلا، راهێنەری یانەکەش نوێبکاتەوە، لەکاتێکدا گرێبەستەکەی لە ساڵی داهاتوودا لەگەڵ یانەکە کۆتاییدێت و زیاتر لە جارێك پێپ گوتوویەتی دەیەوێت ماوەیەکی درێژ لە مان سیتی بمێنێتەوە.

پێپ لەگەڵ ستیزنز دوو نازناوی پرێمەرلیگ، نازناوێکی ئێف ئەی کەپ، سێ نازناوی کاراباو کەپ و دوو نازناوی قەڵغانی ئینگلتەرای بەدەستهێناوە.




کاسیاس: مۆرینهۆ پیاوێکی بەوەفایە

ئیکەر کاسیاسی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی ریاڵ مەدرید و یەکێك لە باشترین گۆڵپارێزەکانی جیهان لە لیدوانێکیدا پەسندی مۆرینهۆ دەکات.

کاسیاس لە چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکەدا لەبارەی خۆزێ مۆرینهۆی راهێنەری پێشووی، دەڵێت:" رەنگە زۆر کەس نەزانن، بەڵام مۆرینیۆ پیاوێکی زۆر بە وەفایە، راستە لە ریاڵ مەدرید کێشەمان هەبوو، بەڵام مۆرینیۆ یەکەمین کەس بوو کاتێك کەوتمە نەخۆشخانە تێلی بۆ کردم و لە تەندروستی پرسیم".

شایەنی بیرهێنانەوەیە لەو سەردەمەی کاسیاس لە ژێر دەستی مۆرینیۆ لە رایاڵ مەدرید یاری دەکرد، دووچاری چەند کێشەیەك بۆوە و بۆ چەندین یاری لەسەر کورسی یەدەگ دانیشاند تا وایلێهات گۆڵپارێزە میژوویەکەی ریاڵ بۆ دواجار قەڵای سپی جێهێشت.

تووشبوون بە کۆرۆنا لە ریزەکانی یانەی ئینتەر زیادیکردووە



لە گەڵ دەرچوونی ئەنجامی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئاشلی یۆنگ بە پۆزەتیڤ، ژمارەی یاریزانە تووشبووەکانی یانەی ئینتەر بە کۆرۆنا بۆ شەش یاریزان بەرزبوویەوە.

یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی ئاشکرایکرد، ئەنجامی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) بۆ یاریزانی ئینگلیز، ئاشلی یۆنگ پۆزەتیڤ بووە. بەپێی راگەیەنراوێك کە لەلایەن یانەی ئینتەرەوە بڵاوکراوەتەوە، دوێنێ لە کۆمەڵگەی وەرزشیی ئاپیانۆ گێنتیلێ پشکنینی کۆرۆنا بۆ ئاشلی یۆنگ-ی تەمەن ٣٥ ساڵان ئەنجامدراوە و ئەنجامەکەی پۆزەتیڤ بووە، راگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشکردووە، یۆنگ خۆی لە ماڵەوە کەرەنتین کردووە و چارەسەر وەردەگرێت، لەگەڵ دوەرچوونی ئەنجامی پشکنینی ئاشلی یۆنگ بە پۆزەتیڤ، ژمارەی یاریزانە تووشبووەکانی یانەی ئینتەر بە کۆرۆنا بۆ شەش یاریزان بەرزبوویەوە.

پێشتر تووشبوونی هەریەك لە ئالیساندرۆ باستۆنی، میلان سکرینار، رۆبێرتۆ گاگلیاردینی، راجا ناینگولان و لۆنوت رادو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیەنرابوو.

بە گرێبەستێکی سەیر گەڕایەوە ماڵی یەکەمی

"یاریزانە 36 ساڵانەکە بە گرێبەستێك و بۆ ماوەی پێنج مانگ و بە بڕی تەنها 230 یۆرۆ گەڕایەوە یانەکەی"

ئەستێرەی پێشووی یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی و هەڵبژاردەی بەڕازیل ڕۆبینهۆ گەڕایەوە یانەی سانتۆسی وڵاتەکەی.

لە دوای ڕۆشتنی لە یانەی ئەستەنبوڵ باشاکشاهیری تورکی بڕیاریدا بۆ جاری چوارەم بگەڕێتەوە سانتۆس، جاری یەکەم لە ساڵی 2010 کاتێك یاریزانی مانچستەر سیتی بوو بە شێوەی خواستن گەڕایەوە پاشان لە ساڵی2014 ئەو کاتەی یاری بۆ میلان ئەکرد دیسان بە خواستن گەڕایەوە سانتۆس و دواتر بە گرێبەستێکی هەمیشەیی ڕوویکردە یانە بەڕازیلیەکە و دواتر بەرەو تورکیا سەفەریکرد و ئێستاش بۆ جاری چوارەم گەڕاوەتەوە.

یاریزانە 36 ساڵانەکە بە گرێبەستێك و بۆ ماوەی پێنج مانگ و بە بڕی تەنها 230 یۆرۆ گەڕایەوە یانەکەی مندااڵی.

لە دوای ئەوەی بڕیاریدا بگەڕێتەوە ڕۆبینهۆ گوتی: سانتۆس هەموو کات ماڵی من بووە، ئامانجم هاوکاریکردنی یانەکەیە چ لە ناو یاریگا چ لە دەرەوەی یاریگا ، تا دووبارە یانەکە بگەڕێنینەوە لوتکە، ئەوە هەستێکی تایبەتە بگەڕێیتەوە ئەو یانەیەی کە لێیەوە دەستت کرد بە تۆپی پێ.

سەبارەت بە موچە کەمەکەی گوتی: یانەکە بە بارودۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێت لە ڕووی ئابوریەوە، تەنها دەمەوێت هاوکاری ئەو یانەیە بکەم کە هەموو شتێکی پێ بە خشیم.



فرانس فوتبۆل باشترینەکانی ناوەڕاست رادەگەیەنێت

گۆڤاری فرانس فوتبۆلی جیهانی لیستی یاریزانانی هێلی ناوەڕاستی وەك پاڵێوراوانی باشترین لە مێژوو ڕاگەیاند، کە ژمارەیەك ئەستێرەی پێشوو و ئێستای تێدایە.

ئەو لیستەش کراوەت دوو پۆلین ئەوەی یەکەمیان یاریزانانی بەرگری ناوەند لەخۆ دەگرێت و پۆلینی دووەم یاریزانانی هێرشبەری ناوەند کە لیستەکەش لە 20 یاریزان پێکهاتووە، کە یاریزانانی بەرگری ناوەڕاست بریتین لە : جۆزێف بۆزیسك، سێرجیۆ بۆسکێتچ، دیدی، پاولۆ فالکاو، جیرارد، جیرسۆن، گواردیۆلا، ماسۆبۆست، لۆتار ماتیۆس، یۆهان نیسکینز، ئەندریا پێرلۆ، فیرناندۆ ریدۆندۆ، فرانك ریکارد، بێرند شۆستیر، کلارنس سیدۆرف، لویس سواریز، مارکۆ تاردیللی، جان تیگانا، چابی ئەلۆنسۆ، چاڤی هیرناندێز.

پاڵێوراوانی بەرگری ناوەڕاست بریتین لە: ڕۆبراۆ باجیۆ، بۆبی شارلتۆن، دی ستیڤانۆ، فرانسیسکۆلی، ڕۆد گۆلێت، هاجی، ئەندریس ئینیستا، رایمۆند کوبا، کوبالا، مارادۆنا، ماتزۆلا، پیلێ، پلاتینی، بۆشکاش، ریڤێرا، خوان ئەلبرتۆ چیافینۆ، سوکرات، تۆتی، زیکۆ، زێدان.

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
wed. 14 Oct. 2020 No.:(6022)

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ رێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616





بۆ یەکەمین جارە کە ماڵپەڕێکی ناوداریی ئەمەریکی بەرهەمی سینەماکارێکی کورد بکڕێت

(نێت فلیکس) مافی بڵاوکردنەوەی جیهانی (وەرزی کەرکەدەن)لە دەرهێنانی (بەهمەن قوبادی) کڕیی

ئا- بەرهەم شێخ عزەدین

بۆ یەکەمین جارە کە (نێت فلیکس) ماڵپەڕیی ناوداریی ئەمەریکی بەرهەمی سینەماکارێکی کورد بکڕێت و لە ئاستی دنیادا بڵاویی بکاتەوە، کە ئەوەش لە ڕێگای بەرهەمێکی سینەماکاری ناوداری کورد (بەهمەن قوبادی) یە و کڕینی فیلمی سینەمایی «وەرزی کەرکەدەن» لەو ئاستەدا شانازییەکە بۆ نەتەوەی کورد و سینەمای کوردستان. فیلمی سینەمایی (وەرزی کەرکەدەن) لە دەرهێنانی (بەهمەن قوبادی) و بە ڕۆڵ بینینی (بێهرووز وسووقی) ئەفسانەی سینەمای ئێران، (مۆنیکا بلووچی) ئەستێرەی ناوداری سینەمای جیهان، چەندین ئەکتەری بەناوبانگی سینەمای تورکیا، لەوانە: (یەڵماز ئەردوگان)، (بڵجیم بێڵگین) ،(بێن سات)، (ئارش لەباف)گۆرانیبێژی ناوداری ئێرانی و بە بەڕێوەبەریی وینەگرتنی (تووڕەج ئەسڵانی) ، دوای نمایش لەسەر پەردەی سینەماکانی جیهان و بەشداریی لە فیستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی فیلم لە ئاستی دنیادا و بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی گرینگی نێودەوڵەتی، بەم دواییانە بە پێی گرێبەستێك لە لایەن ماڵپەڕیی سینەمایی (نێت فلیکس)مافی بڵاوکردنەوەی جیهانی کردا و هۆگرانی هونەریی سینەما لە سەرتاسەری جیهان، دەتوانن لە ڕێگای ماڵپەڕیی ئەنتەرنێتی زەبەلاحی مەزنی دنیای سینەما ئەم بەرهەمە ببینن. (وەرزی کەرکەدەن) پێنجەمین بەرهەمی (بەهمەن قوبادی)یە،کە لە لایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی (وایلد بانچ) لە ئاستی جیهاندا بڵاوکراوەتەوە، تا ئێستا لە فیستیڤاڵی گرینگی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی نمایشکراوە، لەوانە: بەشی سەرەکی شەستەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی(سان سباستییەن) لە وڵاتی ئیسپانیا، بەشی تایبەتی سی و حەوتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (تۆرێنتۆ) لە وڵاتی کەنەدا، چل و دووهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (ڕۆتێردام) لە وڵاتی هۆڵەندا، چل و هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری» لە وڵاتی کۆماری چیك، سی و شەشەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «یۆتۆبۆری» لە وڵاتی سوید، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (ئسپۆلێتۆ) لە وڵاتی ئیتاڵیا، دەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (دۆبلین) لە وڵاتی ئیرلەندا، یازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (بڕۆکسێل) لە وڵاتی بەلجیکا، پەنجاوسێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (تسالۆنیکی)لە وڵاتی یۆنان، هەژدەهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (بووسان) لە وڵاتی کۆریای باشوور، سێزدەهەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (فیلمەکس) لە وڵاتی ژاپۆن، دوازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «مەغریب»، نۆیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کۆسمۆڕاما(لە وڵاتی نۆرڤیژ، هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی «لەندەن» لە وڵاتی بەریتانیا، نۆزدەیەمین خولی فیستیڤاڵی فیلمە ئێرانییەکانی «بۆستۆن» لە وڵاتی ئەمەریکا .فیلمی سینەمایی «وەرزی کەرکەدەن» بە بەشداریی لەم ڕووداوە سینەمایانە، چەندین خەڵاتی گرینگی بۆخۆی مسۆگر کردووە.



ناسی عەجرەم دەیەوێت لەگەڵ کێ کاری نواندن بکات؟

ناسی عەجرەم سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بۆ لوبنان

هەمزە سەرحان

ناسی عەجرەم لە میانی چاوپێکەوتنێکی لەبەرنامەی «Talk Free» رایگەیاند، «دڵخۆشم بەوەی گۆرانییەکی نوێ بۆ نیشتیمانەکەم بەیروت تۆمارەدەکەم، بەمزوانە بڵاودەبێتەوە، بەڵام پێویستم بە کاتە بۆئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەم».

لەبارەی بەشداریکردنی لە فیلم و درامای نوێدا ئەوەی خستەڕو، لە ئێستادا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیم بۆئەوەی بێمە ناو دنیای نواندنەوە، پێشتر ئەزموونێکی لەو شێوەیەم نەبوە، ئەگەر بمەوێت ئەو کارەش ئەنجام بدەم، ئەوا لیۆناردۆ دیکاپریۆ هەڵدەبژێرم بۆئەوەی نواندنی لەگەڵ بکەم.

هەروەها ئەو خانمە هونەرمەندە ڕونکردنەوەی لەسەر ئەو دەنگۆیانە بڵاوکردەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردو لەبارەی دوگیان بونی بە منداڵی چوارەمی بڵاوبوەوە وگوتی: من دوگیان نیم بە منداڵێکی دیکە، دەمەوێت لە ئێستادا کاتەکانم تەرخان بکەم بۆ گەورەکردن و پەروەردەکردی کچەکانم و بایەخیان پێبدەم.

نانسی لەدایکبووی ساڵی 1983یەو خەڵکی لوبنانە و سەر بەخێزانێکی مەسیحیە، لەسەرەتاکانی تەمەنیەوە دەستی بە گۆرانی وتن کردووە و ئێستا یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی عەرەبی، هاوسەرگیری لەگەڵ پزیشکێك کردووە بەناوی «فادی هیشام»

کێشەی درەنگ شەحنکردنەوەی مۆبایل چارەسەر دەکات

هەردەوان: یەکێك لە سەرەکیترین کێشەکانی بەکاربەری تەلەفۆنی زیرەك درەنگ شەحن بوونەوەی مۆبایلەکانە کە بەگشتی زیاتر لە کاتژمێرێکیان دەوێت بۆئەوەی بەتەواوی شەحن ببنەوە، بەڵام کۆمپانیایەکی چینی کۆتایی هێنانەوە بەو کێشەیە. لەمبارەیەوە کۆمپانیای (مەیزو)ی چینی ڕایگەیاندوە «تەکنەلۆژیایەکی بەرهەمهێناوە کە دەتوانێت لەماوەی ٢٠ خولەکدا پاتری مۆبایلەکان ١٠٠% شەحن بکاتەوە».

کۆمپانیاکە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی مۆبایل ئاشکرایکردوە «بەرهەمەکە ناوی (Super M Charger)ـە و لەماوەی ١٠ خولەکدا ٦٠%ی پاتری مۆبایلەکان شەحن دەکات و لە ماوەی ٢٠ خولەکدا ١٠٠% پاتری مۆبایلەزیرەکەکان شەحن دەکات.





بانگەشەی ئەوە دەکرێت لەسەر هەسارەی ڤینۆس ژیان هەبێت

تیمێکی گەردونناس لە زانکۆی کاردیف لە بەریتانیا، گازی فۆسفین-یان لەناو بەرگەهەوای هەسارەی ڤینۆس-دا دۆزیوەتەوە کە لەلایەن ئەو میکرۆبانەی بەبێ ئۆکسجین دەژین بەرهەمدێت،گەردیلەی فۆسفین کە لە گەردی هایدرۆجین و فۆسفۆر پێکدێت، بۆ جاری یەکەم لەڕێی تەلیسکۆپێکی دوورگەی هاوای-یەوە ئاشکرا کرا.دوای ئەوەی لەڕێی تەلەسکۆپێکی وڵاتی چیلی-یەوە بوونی گازی فۆسفین پشتڕاسکرایەوە، تیمێکی گەردونناس بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی گازەکە زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا.لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بوونی فۆسفین لە بەرگەهەوای هەسارەی ڤینۆس-دا، نیشانەی هەبوونی ژیانە لەسەر ئەو هەسارەیە،گازی فۆسفین لەسەر زەوی لەلایەن چەند بەکتریایەکەوە بەرهەمدەهێندرێن کە لە ریخۆڵەی ئاژەڵاتی وەك پەنگوین و ئەو زەلکاوانەی ڕێژەی ئۆکسجینیان کەمە، هەیە.سەدا ٩٦ی بەرگەهەوای هەسارەی ڤینۆس کە دووەم هەسارەی کۆمەڵەی خۆرە لە گازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن پێکدێت و پلەی گەرمای سەر ڕووی هەسارەکە دەگاتە سەرروو ٤٠٠ پلەی سەدی هەربۆیە یەکێکە لەو هەسارانەی کەمترین ئەگەری هەیە ژیانی لەسەربێت.

